بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی
کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی هەشتەم

شۆڕشی پڕۆلیتاری و حکومەتی کرێکاری...ل8

ساڵی شەشەم ژمارە (135) بەرواری 15-12-2022 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (۱)و (۱۵) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## وتەی ژمارە

# هەڵوەشاندنەوەی "پۆلیسی مۆراڵ" و نۆشینی ژەهر!

**عەبدوڵا مەحمود**

دوای زیاتر لە ٤٠ ساڵ نەفرەت و ناڕەزایەتی بزوتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان لە حجابی زۆرەملێی ئیسلامی، وەکو پایەیەکی بەرجەستەو تایبەتمەندیەکی دەسەڵاتی سیاسی سەرمایە لە ئێراندا، و دوای زیاتر لە دوو مانگ لە وەڕێکەوتنی بزوتنەوەیەکی شۆرشگێرانەو ڕاپەرینی شکۆدار، دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی" پۆلیسی مۆراڵی" دا.

بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پۆلیسی مۆراڵ، ڕاستەوخۆ یان ناراستەخۆ یانی کۆتاییهێنان بە حجابی زۆرە ملێی ژنان. ئەم بڕیارەی جمهوری ئیسلامی تاکتیکی بێت یان نا، کاتی بێت یان مانۆر. ڕێگاو کەناڵێک بێت بۆ خاوکردنەوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتی سەرمایە لە ئێراندا، کە



مەلاکان نوێنەرایەتی دەکەن، هیچ لەو راستیە ناگۆرێت، کە لەناو دڵی بزوتنەوەی روخاندنی رژێمی جمهوری ئیسلامیدا، یەکێک لە داخوازییەکانی کۆمەڵگە بەشێوەی گشتی و ژنان بەتایبەتی، وەدیهات.

کۆتاییهێنان و هەڵوەشاندنەوەی "پۆلیسی مۆراڵ" بۆ دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی، نۆشینی پەرداخی ژەهرە. ئەگەر دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی بۆ سەرکوتی شۆرشی ساڵی ١٩٧٩ ئیران، دەستی بۆ جەنگ برد و دوای هەشت ساڵ لە جەنگێکی ماڵوێرانکەر ناچار بوو کۆتایی بەجەنگ لەگەڵ عێراق بهێنێ. ئەوکات خومەینی رای گەیاند بریاری کۆتاییهێنان بەجەنگ خواردنەوەی جامی ژەهرە و ناچار بوو بینۆشێت، ئەوا ئەمجارە لەژێر گوشاری بزوتنەوەی شۆرشگێرانەو راپەرینی جەماوەیدا ناچار بوون یاسای حجابی زۆرەملێی ئیسلامی هەڵبوەشێنەوە، و دوبارە جامی ژەهرێکی تر بنۆشن، بەڵام نۆشینی جامی ژەهری ئەمجارە لە بەرامبەر دوژمنێکی دەرەکی نییە، بەڵکو نۆشینی جامی ژەهرە لە جەنگی چینایەتی و ناوخۆیدا، لە جەنگکێدا کە لەلایەکەوە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و جەماوەری ستەمدیدە وەستاون لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتی نەنگینی سەرمایە لە ئێراندا.

گومان لەوەدا نییە هەڵوەشاندنەوەی پۆلیسی مۆراڵ دەستکەوت و بەرهەمی

بۆ لاپەڕە 2

# ئیسلامی و سەلەفیەکانی کوردستان... لە بەردەم سێڵاوی شۆڕشی ئێراندا پەلەقاژەیانە...



لەوەتەی بزوتنەوەی هەمیشە ئامادەی شۆرشگێرانەی ئێران وەرچەرخاوە بۆ راپەرینی سەرتاسەری بەدژی دەسەڵاتی میراتگرانی سەرمایە لە ئێراندا، هێرش و شاڵاوی کۆنەپەرستانی ئیسلامی لە کوردستاندا بەرەو هەڵکشان و فتوای هیستریکی چووە. ئەگەر هەر رۆژە ئێران سەکۆی نمایشی بزوتنەوەیەکی شۆرشگێرانەو جێگایەک بۆ خستەرووی توانایەکانی ئینسانی ناڕازی و گۆرەپانێک بۆ داهێنانی خەباتکارانە و شانۆیەک لە ئامادەیی ژنان نیشان

بۆ لاپەڕە 3

# سۆشیال دیموکراتی و هێزی دەمامکدار...



بەرواری٦/١٢/٢٠٢٢ هیزێکی دەمامکداری یەکێتی سۆشیال-دیموکرات!!ی نزیکەی ٥٠ کەسی لەچالاکی و هەڵمەتێکی بروسک ئاسای کەم وێنەی شارییدا هەڵیانکوتاتە سەر بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی چەمچەماڵ و نزیکەی ٤٠٠ دۆسیەیان، بە دوڵابەکانەوە لەگەڵ خۆیان بۆ شوێنێکی نادیار بردوە.

ئەم هەڵمەتە لە ژێر سایەی خودی قەڵەمرەوی یەکیتی نیشتیمانی و لەلایەن هێزە دەمامکدارەکانیەوە ئەنجامدرا، ئەم

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:

* فرە ژنی بە کاڵا کردنی ژنانە.........................................................ل4
* ٩ ی دیسەمبەر...........................................................................ل4
* بەهار عەلی وەڵامی پرسی رۆژ دەداتەوە..........................................ل5
* سەردەمی پاککردنەوەی ئەوروپا لە ئاسەوارەکانی ئیسلامی.......... ل6
* بەکارهێنانی توندوتیژی بەرانبەر ژن لە سۆشیال میدیادا.............. ل7
* ڤیگۆ و ئەبو چیچۆ و شیروان شیروانی........................................ل8
* باڵۆرەلێدانی فرەژنی ناتوانێت هەرەسی.......................................ل10





# دۆسیەی ژمارە "ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و کوردستان و ئایندەکەی"

## هاوڕێیان بنار مستەفا و کامەران ئەحمەد...
## وەڵامی پرسیارەکانی دۆسیەکەیان داوەتەوە...

ل11-12-13- 14-15

پرسی رۆژ ل5 | پرسی ژن ل7 | کۆشەی ئەدەب و هونەر ل9

# درێژەی وتەی ژمارە

راستەخۆی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانە و راپەرینی جەماوەریی و رۆڵی پێشرەوانەی ژنانە لەو بزوتنەوەیەدا. ئەمەش تەنها دەستکەوتێکی کەم یان لاوەکی نییە، بەڵکو ئاڵوگۆرێکی یەکجار بنەرەتی لە گۆڕانی هاوسەنگی هێزی نێوان بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی ئێرانە لەگەڵ دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی پێک دەهێنێت. حجابی ئیسلامی هاوشان لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی جمهوری دەستی پێکرد، هەڵوەشاندنەوەشی سەرەتایی راگەیاندنی کۆتاییهاتنی ئەو دەسەڵاتەیە.

دیارە هەڵوەشاندنەوەی "پۆلیسی مۆراڵ" و بریاری حجابی ئیسلامی و تەنانەت روخاندنی دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی، خواستی زۆرێک لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و حزب و لایەنە سیاسیەکانی سەر گۆرەپانی ئێران بووەو هەیە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی هەڵوەشاندنەوەی حجابی زۆرەملێ، وەکو دەستکەوتی هەموو ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیانە وێنا بکرێت. زۆربەی هەرەزۆری بزوتنەوە سیاسی و کۆمەلایەتییە بۆرژوازییەکان و حزب و لایەنە سیاسیەکانیان، روخاندنی جمهوری ئیسلامیان لە رێگای شۆرشی لەخوارەوەی جەماوەرەوە ناوێت و بەدوای ئەوەوە بوون یان لە رێگای خۆبەستنەوە بە ئەمریکاو غەرب و یان بە ئاڵوگۆری لەسەرەوە دەسەڵاتی جمهور ئیسلامی کەنار بخرێت و خۆیان جێگەی بگرنەوە و دواتریش هەندیک ریفۆرم لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و حقوقی و فەردی ویاسایی وەکو ناسنامەی پێشکەوتنخوازی بدەن لە بەرۆکیان... ئەوەی ئێستا روودەدات و جمهوری ئیسلامی ناچارە و ناچارتر دەبێت، پاشەکشە لە یاساو رێسا ئیسلامیەکان بکات و بریاری چاوخشاندنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی یاساو بریاری تر دەست بۆ ببات بەرهەمی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی لەخوارەوەی جەماوەری و راپەرین و پەیامەکانی بەر لەشۆرشە، کە هەڵگری چەغماغەدانی پشکۆکانی شۆرشە.

چ بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد و چ بزوتنەوەی ناسیونالیستی عەزەمەت تەڵەبی ئیرانی، لەهەر بەرگ و قیافەیەکدا بیانەوێت بریاری هەڵوەشانەوەی "پۆلیسی مۆراڵ" وەکو بەرهەم و رۆڵی خۆیان نیشان بدەن، دەبێ بەتوندی وەڵام وەربگرنەوە. بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد پێویست بەخستنە رووی رۆڵی دژە ژنیان زۆری پێویست نییەو کارنامەی ۳۰ ساڵەی دەسەڵاتی بۆرژاوازی کورد، بەکردەوە دژایەتی لە چارەنەهاتووی دژی ژن و مافەکانی خستۆتە روو. بزوتنەوەی ناسیونالیست و عەزەمەت تەڵەبی ئیرانیش، کە هەموو ئومێد و سیاسەتی خۆی بە خۆبەستنەوە بە ئەمریکاو غەرب و بە ئاڵوگۆر لەسەرەو بیناکردووە، نیشانەی دژایەتی بەرجەستەیەتی بۆ گیرانی رۆڵی ژن و مافەکانی... هێزو حزبێکی سیاسی کە شۆرش و راپەرینی لەخوارەوەی جەماوەری و هەلومەرجی شۆرشگێرانە، ناتەبا بێت بە ئاسۆی سیاسی و نەریتی هەلسورانی بۆ ئاڵوگۆری سیاسی ناتوانیت هیزو پشتیوانی ژنان و خەباتەکەیان بێت... بەتایبەتی کە رزگاری ژنان و مافەکانی راستەوخۆ بەستراوەتەوە بە زاڵ بوونی ژینگەی شۆرشگێرانە و ئامادەیی بزوتنەوە رادیکاڵ و شۆرشگێرەکان. ئەزموونی بەرجەستە لەوبارەیەوە هەیە. لە هەر ولات و کۆمەڵگەیەکدا، کەشی دواکەتوویی ئامادەیی هەبێت و هێزە کۆنەپەرستەکان باڵادەست بن، جێگایەکی دیار بۆ رۆڵی ژنان و بزوتنەوەکەیان بوونی نییە.

ئەوەی ئێستا لە ئێراندا ژنان بەوێنەی نوکەرمی دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی دەرکەوتوون، ریشەی لە کەش و ژینگەی شۆرشگێرانەدایە و ژنانیش ئەم ژینگەو کەشە شۆرشگێرانەیان، بەرجەستەتر کردووە. هەڵوەشاندنەوەی بریاری حجابی زۆرە ملێ، لە لایەکەوە بەرهەمی پشو درێژی بزوتنەوەی شۆشگێرانەو راپەرینە و لەلایەکی تیشەوە بەرهەمی خۆنواندنی ژنان لەم راپەرین و بزوتنەوە شۆرشگێرانەیەدایە. دیارە بەشداری بەرجەستەی ژنان و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان لەهەر جوڵانەوە و راپەرین و شۆرشێکدا، ماهیەتی ئەو شۆرشە دەخاتە روو. دەتوانین بەشداری ژنان بکەینە پێوانە بۆ پێشکەوتنخوازبوون و شۆرشگێربوونی هەر بزوتنەوەیەکی شۆرشگێرانە. ئامادەنەبوونی رۆڵی بەرجەستەی ژنان لەهەر بزوتنەوەو راپەرینیکدا، نیشانەیەکی ئاشکرای کۆنەپەرست بوون و دواکەتووی ئەو ئەو بزوتنەوە و راپەرینەیە.

بزوتنەوەی ژنان، لەناو بزوتنەوەیەکی فراوانی کۆمەڵایەتی و شۆرشگێرانە و سەراسەریدا، یەکیک لە روکنەکانی دەسەڵاتی داسەپاوی جمهوری ئیسلامیان لە ئیراندا، کە حجابی زۆرە ملێ بوو، بەسەریەکدا دارماند، ئەوە پێشرەیەکی بێ گەرانەوەی بزوتنەوەی شۆرشگێرانە لە ئیران و کاریگەری راستەوخۆشی لەسەر سەرجەم بزوتنەوە ژنانە پیشکەوتنخواز و ئازادیخوازەکان هەیەو، گورزێکی کەمەر شکێنیشە، لە رەوت و هیزە کۆنەپەرستە ئیسلامیەکان و دەسەڵاتە سیاسیەکان، کە دەستیان بە نەریت و یاسا دینیەکانەوە گرتووە.

دیارە هەڵوەشاندنەوەی حجابی زۆرە ملێ، تەنها هەنگاوێکە لە راستای چەندین هەنگاوی تردا... تا جیای دین لەدەوڵەت، ئازادی دینداری و بێدینی، دانەسەپێنرێت، ژنان ناتوانن لە مافە یاسایەکانیان لەگەڵ پیاواندا یەکسان بن.

بۆیە بزوتنەوەی شۆرشگێرانە لە ئیراندا و بزوتنەوەی ژنان وەکو کۆڵەکەیەکی ناو ئەو بزوتنەوەیە، نابێت تەنها بە هەڵوەشاندنەوەی حجابی زۆرەملێی ئیسلامی، رازی بن، بەڵکو پێویستە ئەوە وەکو هەنگاوێکی گرنگ و سەرکەوتنێکی سەرەتایی، بەدەستەوە بگرن بۆ سەرکەوتنی تر و هەنگاوی چارەنووسازتر... ئەویش جیایی دین لە دەوڵەت و ئازادی دینداری و بێ دینییە... ئەمە نەک تەنها بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان چەندین هەنگاو دەباتە پێشەوە و لانی کەمی ئازادی ومافە فەردی مەدەنیەکانیان زامن دەکات، بەڵکو سەرجەم بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی ئێستا لە راستای روخاندنی جمهوری ئیسلامیدا، دەباتە پێشەوە.

بەواتای وشەکە، بریاری هەڵوەشاندنەوەی پۆلیسی مۆراڵ، لەلایەن دەسەڵاتی دژە ژن و دژە ئازادی جمهوری ئیسلامیەوە، نۆشکردنی ناچاری پەرداخی ژەهرە، لە جەنگێکی چینایەتی ناوخۆی ئیراندا...

# لە

# بۆپێشەووەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

**بەشداری بەرجەستەی ژنان و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان لەهەر جوڵانەوە و راپەرین و شۆرشێکدا، ماهیەتی ئەو شۆرشە دەخاتە روو. دەتوانین بەشداری ژنان بکەینە پێوانە بۆ پێشکەوتنخوازبوون و شۆرشگێربوونی هەر بزوتنەوەیەکی شۆرشگێرانە ...**

# درێژەی...ئیسلامی و سەلەفیەکانی کوردستان... لە بەردەم سێڵاوی شۆڕشی ئیراندا پەلەقاژەیانە...

دەدات... ئەوا ئیسلامی و سەلەفیەکانی کوردستان و ئەوانەی هیچ تەبایەکیان لەگەڵ زانست و زانیاری نییەو ناوی "زانایانی ئیسلامی" یان بە خۆوە لکاندەوە، دەستیان داوەتە شەپۆلێکی بەرینی هێرش بۆسەر ژنان و مافەکانیان، بۆسەر زانکۆ و خوێندکاران، بۆ سەر وەرزش و هاندەران، بۆسەر جل و بەرگی مۆدێرن و رەنگەکانی، بۆ ژنانی نا حجاب وئازادی جل پۆشین، بۆسەر مۆز و شێوازی خواردنی، بۆسەر خۆراک و جۆرەکانی... لەو نێوەدا هێرش بۆ سەر ژنان و بەکەم تەماشاکردنیان، و سوکایەتی پێکردنیان و بەرگری لەچەند ژنە و چوونە پشت بریاری دژە ژن و دژە ئینسانی دەسەڵاتی بەغدای نۆکەر پیشەی ئاخوندەکانی ئیران، کە ڕێگە بە فرەژنی دەدات و مافی بەرگریش لە ژنی نارازی دەسەنێتەوە، بەو پەرێ خۆ گەیشتووە. کەم ڕۆژ و تەنانەت کەم سەعات هەیە، مۆرەی ئیسلامی لەچەشنی مەلا مەزهەرەکان و عبدالەتیف و هەڵۆکان و شوشکەیەکان و ژمارەیەک نووسەری میشک مەیوی وابەستە بە دنیای جاهیلیەتی هەزاران ساڵەی رابردوو، هێرش نەکەنە سەر ژنان و عەورەتیان رانەوەشێنن. میسار و موتعە، کە دوو جۆری لەشفرۆشی ئیسلامی شیعی و سونین، وەکو پێداویستی بۆ ئەهلی خودا نەخەنە ڕوو... فرە ژنی کە لە بنەرەتدا لەش کڕین و مامەڵەی سیکس کرینی ئیسلامی، مەودا کراوەیە... بەرگری لێنەکەن و لەبەرامبەر بەو کەسانەشدا کە نارازین، بەهەمان حوکمی بەرگری لە شەهوەتی ئیسلامیانەیان، دادگایان لێ نەگرن، ئەو دادگایانەی پڕ پڕن لە یاسای دژە دژن... لێوان لێون لەیاسای سەرکوتی ژن، سخناخن لە هەڵاواردن و کوشتنی خۆشەویستی و خاوەنی قەتڵگای گۆرستانی بێناونیشانی ژنانن.

ئەم هەوسار پچراوەی ئیسلامیەکان و سەلەفیەکان، نیشانەی بەهێزی ئیسلامیەکان نییە، بەڵکو دەرهاویشتەی ترس و زەندەق چوونە لە ژنان و مافەکانیان، کە بە راپەرینی خەڵکی ئێران و بە بەشداری بەرجەستەی ژنان، دەستی پێکردووە. ئەو قەڵا کۆنەپەرستیەی بە هاتنەسەرکاری جمهوری ئیسلامی قوتکرایەوە، بە روخاندنی ئەم قەڵایە پشت و پەنای ئیسلامیەکان سەلەفیەکان دەڕمێنێت. بازاری سەوداو معامەلەی ئیسلامی بە ژنانەوە، دادەخرێت. هێرش بۆسەر نەغەدە عوسمان و چۆمان هەردی و شیلان نورییەکان...تاد، هیرش بۆسەر هەموو سیما مەدەنیەکان، گوژمە خواردن لەدژی مافەکانی ژن و ئینسان... پەلەقاژەی مەرگی ئاشکرای ئەو ئایدۆلۆژیاو و دنیابینی و دەسەڵات و گروپانەیە، لەبەرامبەر بە لێکەوتەکانی راپەڕینی خەڵکی ئێراندا.

ئیسلامیەکانی کوردستان و سەلەفیەکان، وەکو گۆشتی لازیادەی مل، وەکو دومەڵی ناو کۆمەڵگە، لەبەردەم رامالێندان، رامالێنیان بەدەستی راپەرین و بە رۆڵی بەرجەستەی ژنان... ئەو ژنانەی بەهیچ شتێک کەمتر لە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و یاساو ریساو خوێندن و پەروەردە، لە یەکسانی یاسای نیوان ژن و پیاو، قەدەغەکردنی فرە ژنی و توندوتیژی لەدژی ژنان، رەزایەت نادەن.

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و ژنانی نارازی بە ستەم و هەڵاواردن، کە چاوی ئومێدیان بریوەتە راپەرینی خەڵکی ئیران و کوردستان، پێویستە لە ئێستاوە ئامادەبن و وەڵامی توند و ددانشکێن بە ئیسلامیەکان و فتواو سوکایەتیەکانیان بدەنەوەو دەسەڵاتی سیاسی کۆنەپەرستی بۆرژوازی کوردیش ناچار بکەن، ڕیکاری یاسایی لەدژی ئەوانە بگرنە بەر کە سوکایەتی بەژنان و مافەکانیان دەکەن و فتوای رەقەمی دەبەخشنەوە...

دواین هیرشی ئیسلامیەکان و کۆنەپەرستانی پشتیان بۆسەر شیلان نوری، دەبێ وەڵامی ئازادیخوازان و ئینسان دۆستان وەربگرێتەوە... دەسەڵاتی سیاسی نەک هەر بەرپرسی پاراستنی ژیانی شیلان نوری و هەڵسوڕاوانی ژنان و ئازدیخوازانی لە ئەستۆیە، بەڵکو دەبێ ناچار بکرێت، ئەو شەپۆلی کۆنەپەرستیەو فتوای مەلاو ئیسلامیەکان ڕابگرێت.... هیرشی ئیسلامیەکان و نۆکەرەکانیان، تەنها بۆسەر شیلان نوریەکان نییە، بەڵکو هیرشێکی بەنەخشەیە بۆسەر هەموو سیماو روخسارێکی جوانی شارستانی کۆمەڵگەی کوردستان و هەموو مافە فەردی مەدەنی و ئینسانی و ئازادیخوازەکان...

# درێژەی...سۆشیال دیموکراتی و هێزی دەمامکدار...

داهێنانە لە هەڵمەت و ئەو تاوانکارییە ئاشکرایە بەرامبەر بە دامەزراوەیەکی حکومی لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، دەتوانرێت بوترێت، لە دنیادا کەم وێنەیە. هیچ رژێمێکی دیکتاتۆریش نادۆزیتەوە لە ژێر باڵ و دەسەڵاتی خۆیدا دەست ببات بۆ بینای تاپۆ و دۆسیەکانی بەم جۆرە بدزێت...جۆری دزییەکە نیشان دەدات چ تاوانکارییەکی تر لە پشت ئەو تاوانی دزییە خۆی حەشارداوە.

ئەم رەفتارە و بەدەستەوەگرتنی هێز و هیزی دەمامکدار لەلایەکەوە بۆ چاوترسینکردنی بزوتنەوەی نارەزایەتی و سەرکوت و داپلۆسین و بۆ دزی و ژێر پێخستنی یاسا!! و بەهاکانی دامەزراوەکان، بەڵگەی ئاشکرای شپرزەبوونی یەکیتی لە ئاستە هەرە ترسناکەکەیدا دەخاتە ڕوو. ئەم رەفتارە داخستنی پەرلەمان و ڕیگریکردنی لە پەرلەمانتارانی پارتیمان بیر دەخاتەوە، کە پارتی لە ڕێگای زۆرەوە دەستی بۆبرد.




سەیرە دوو هێزی سیاسی کە هەموو جومگەو دەسەلاتەکانی دووزۆنی هەرێمیان بۆخۆیان و بنەماڵەکانیان قۆرغ کردووە، رەفتاری وا لەخۆیان نیشان دەدەن، کە ئینسان بە بیستنیان، توشی ڕاچەنین دەبێت... دوو هێز کە کەس دەستی نەگرتوون و یاساش وەکو لاستیک دەتوانن بەدەستەوە بگرن و هیچ رێگرییەک نییە لەوەی بەشیوەی تر دەستیان بگاتە ئەو شتانەی دەیانەوێت، کەچی بەم جۆرە تالانی دەکەن و سیمای دیکتاتۆرانە و ئەزموونی دەسەڵاتە هەرە بۆگەنەکان بە قیزەونترین شێوە، دوپات دەکەنەوە.

دەبێ خەڵکی کوردستان چ خوێندنەوەیەکی بۆ ئەم جۆرە دەسەڵاتە هەبێت، کە هەڵگری هیچ پرانیسب و بەهایەکی سیاسی مۆدێرن نییە... هەر بوونی هێزی دەمامکدار لەسەردەمی شاریدا لەلایەن دەسەڵاتەوە هێندە مایەی شەرمە، شەرم شەرمەزار دەکات.

خەڵکی کوردستان و لە پێشیانەوە داواکاری گشتی و دادوەرانی ئازاو سەربەخۆ، پێوستە لەو بارەیەوە هەنگاوی دەستبەجێ بنێن و تۆمەتبارانی ئەم هەڵمەتە و تالانییە ئاشکرایەو ئەوانەی لەپشتیەوە وەستاون بە کۆمەڵگە بناسێنن و رادەستی لێپرسینەوەی یاساییان بکەن و سەرجەم دۆسیەکانیش بگێردرێنەوە بۆ دائیرەی تاپۆی چەمچەماڵ...

بیگومان ریسواکردنی ئەم کردەوەیەو بەسزاگەیاندنی تۆمەتبارانی ڕێگە لەوە دەگرێت، کە ئاوا بەئاسانی حەرەمی دائیرەکان ببەزینرێت و ئەم رەفتارە کەم وێنە شەرم ئاوەرە دوبارە بێتەوە.

**ئیسلامی و سەلەفیەکان، ئەو ریزە لە بلۆکی هەرە دواکەتوو شەرمەزاری کۆمەڵگە و پشتیوانەکانیان... پیادەکردنی هەموو مافێکی سەربەخۆ و ئازاد و بریاری تاک، دەخەنە ژێر شمشیر و فتوای حەڵال و حەرامەوە. کەچی زەواجی منالی کچی 9 ساڵ بە حەڵاڵ دەزانن... لێدان لە ژن و تەمبی کردنی بە حەلال و ڕێپیدراو دەزانن... چوار ژنە بۆ پیاو بە حەلال دەزانن... فەحشای فەرمی سونی و شیعی، زەواجی میسار و موتعە بە حەڵاڵ دەزانن... فرۆشتنی ژنی ناموسوڵمانی دیل لە بازاری معامەلەدا بە حەلال دەزانن... ڕێکخراوەی ئینسان کوژی وەکو داعش بە حەلال و ڕەوا بۆ کۆمەڵگە دەزانن... هەژاری و بێیەشی و نەبوونی بۆ زوربەی کۆمەڵگە بەحەلال دەزانن و دەڵێن ئەوە بەشی خودایەو ئەو رسق دەدات و دابەشی دەکات... بێدەنگەکردنی خەڵک و بۆ قبوڵکردنی زوڵم و ستەم بە حەڵاڵ دەزانن و دەڵێن" لان شکرتم لازدنکم"...**

**ئەم بەڵاو فایرۆسانەی کۆمەڵگە کە دەسەڵاتی سیاسی وەکو چاوی خۆیان بەرگریان لێدەکات، چونکە بەرگری لەدەسەلات و ستەمەکانیان بەرەواو حەڵاڵ دەزانن، هێندە پێیان لێ درێژکردووە، هێندە ئاستی دەستێوەردانەکانیان لە کۆمەڵگەدا پەرەپێداوە، کە دەبێ لغاو بکرێن.**



# فرە ژنی بە کاڵا کردنی ژنانە!

## نووسینی: سەدار عەبدولا حەمە

یەکێ لە قوربانیەکانی سیستەمی چینایەتی هەمیشە ژن بووە. جا ئەگەر سیستەمەکە کۆیلایەتی یا دەرەبەگایاتی یا سەرمایەداری بووبێ. هەمیشە هەلومەرجێکی نالەبار و پڕ لە ناعەدالەت لەم سیستەمانەدا دورست دەبێ ژنان بە ناچار تێدا دەبن بەقوربانی .

لە سیستەمی سەرمایەداریدا بەچەندین شێوە ژن دەکرێتە کاڵا وەک لەش فرۆشی و فیلمە پۆرنەکان و ڕیکلامەکان و فرە ژنی و کۆیلەی سێکسی و بەخێوکەری ماڵ ومنداڵ .

لە بەرانبەر ئەم بە کاڵا بوونەی ژناندا ژمارەیەک لە کۆمپانیا و بازرگانان و دەوڵەمەندان قازانج دەکەن و کەڵەکەی سەرمایە بۆیان ئەنجام دەدرێ .

هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خراپی بارودۆخی ئابوری کۆمەڵگە و دابەزینی ئاستی ژیان و گوزەرانی زۆربەی تاکی کۆمەڵگە کەدەسەڵاتی سەرمایە دروستی دەکات. بەهۆی ئەم بارودۆخە ناهەموارەوە بەشێک لە تاکەکان دەست دەبەن بۆ تاوانی دزی و کوشتن و جاسوسی و تلیاک فرۆشی و بەشێکیش کاری تاقەت پڕوکێن بەسەعات کاری زۆرەوە ئەنجام دەدەن، بەشێکی ژنانیش ناچار دەبن بە کاری لەشفرۆشی و فیلمە پۆرنەکان و ریکلامی بازرگانی. بەشێکیش لە ژنان ناچار دەکرێن بە قبوڵکردنی فرەژنی واتە چەند ژنی بۆ پیاوێکی دەوڵەمەند و خاوەن دەرامەتی باش.

دیاردەی فرەژنی زیاتر لە نیوە دوورگەی عەرەبی پێش ئیسلامدا سەری هەڵداوە و دواتر ئیسلام شەرعیەتی پێداوە، بەدرێژایی مێژووی سەردەمی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی تا سەردەمی ئەمڕۆی سەرمایەداری لە وڵاتانی دواکەوتووی ئابوریدا کە زۆربەی خەلکەکەی ئیسلامە بەردەوامی هەیە.

سەرچاوەی سەرەکی بۆ ئەنجامدانی فرەژنی توانای ماددیە، هەروەک چۆن سەرچاوەی سەرەکی بۆ لەشفرۆشی ژنان هەرتوانایی ماددیە. واتە هەر پیاوێک ئەو توانایەی نەبێ نە ئەتوانێ لەشی ژن بکڕێ بۆ مەرامی سێکسی نە ئەتوانی فرەژنیش ئەنجام بدات. لە هەردوو حالەتدا ژن دەبێتە کاڵا ئەمە خاڵی لێکچوونی هەردوو دیاردەکەیە. خاڵێکی تری لێک چوون نەبوونی مەیلی خۆشەویستی و هەستە لەلایەن ژنەوە بۆ پیاوی کڕیار، بەڵام خاڵی جیاواز ئەوەیە لەشفرۆشی هەموو ڕۆژە لە بازاردایە هەر ڕۆژەی یا هەرجارەی بۆ پیاوێک دەبێ، بەڵام لەفرەژنیدا یەکجار دەبێ و بۆ تەنها پیاوێک دەبێ تا ئەوکاتەی پیاوەکە دەمرێ، یا ژنەکان تەلاق دەدرێن و تەلاقیش ئەوکاتە ڕوودەدات کە پیاوەکە بیەوێ، چونکە تەلاق بەدەستی پیاوە نەک ژن .

لە لەشفرۆشیدا ژن خۆی یا لەڕێگای کومپانیاوە لەگەڵ پیاودا گرێ بەست دەکا، بەڵام لە فرەژنیدا شەرع و یاسایی دینی دەیکات، لەڕێگای دەسەڵاتەوە .

نە لەشفرۆشان تاوانباری سەرەکین و نە ئەو ژنانەی فرەژنییان پێ دەکرێ، بەڵکو سیستەم و کەلتورێک تاوانبارە کە ژنان ناچار دەکات ببنە کاڵا .

ئەگەر زۆربەی سامانی کۆمەڵگە لەلایەن کەمایەتیەکی دەوڵەمەندو سەرمایەدارەوە قۆرخ نەکرێ وهەژاری وبرسیەتی زۆر نەبێ ئەم دیاردانەش سەرهەڵنادەن.

لە کۆمەڵگەی کوردستان هەمان بارودۆخ هەیە بۆیە هەردوو دیاردەکە هەیە .

کاتێ ژن بزانێ بەڕێگای لەشیەوە بژێوی ژیان پەیدا دەکا دەچێت ئەو کارە دەکا. یا کاتێ کچ یا ژن ناتوانێ هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕ یا پیاوێکدا بکا کە خۆشی دەوێ و هەستی بۆی هەیە لەبەر هۆکاری هەژاری وبێکاری پیاوەکە، ناچار دەچێت هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکدا دەکات کە دەوڵەمەندەو ئیمکانی ژیاندنی ئەوی هەیە باخۆشەویستی وهەستیشی بۆی نەبێ جا ئەگەر پیاوەکە چەند هاوسەری تریشی هەبێ (دیارە هەموو ژنێکیش ئەوە ناکات ئەوانە دەیکەن کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری زیاتری ئیسلامی سیاسی و شەرعەوە) .

مەلاو پیاوانی ئایینی وەک لایەنی سێهەمن کە ڕێگا بۆ ئەم هاوسەرگیریە خۆش دەکەن، دەوری کۆمپانیایەک دەبینن، چونکە خۆشیان سوودێکی ماددیان پێ دەبڕدرێ دەتوانن بۆ خۆشیان تا ٤ ژنیان هەبێ. هەروەک ئەو کۆمپانیایەی کە فیلمی پۆڕن ئەنجام دەدات یا ئەو کۆمپانیانەی کە لەنێوان ژنانی لەشفرۆش و پیاوانی کڕیاردا ئەو کارە دەکەن .

لەسەرجەم ئەم حالەتانەدا ژن کاڵاو کۆیلەیە و نامۆیە بە مرۆڤ بوونی خۆی، چونکە دائەماڵرێ لەهەستە مرۆیەکانی و ئارەزووەکانی خۆی لە ژیانیدا.

بۆ چارەسەری دیاردەی بەکاڵاکردنی ژنان شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی پێویستە، کە زەمینەی ئەم بە کاڵابوونەی ژنان نەهێڵێ و هۆکارەکانی ڕیشەکێش بکات. خۆشبەختانە سەرەتای ئەم شۆڕشە لە ئێران سەریهەڵداوە و شۆڕشی بەمرۆڤ کردنەوەی ژن بەڕێکەوتوە و بەسەرکەوتنی ئەم شۆڕشە واتە بەسەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستی هەردوو دیاردەی لەشفرۆشی و فرەژنیش بەرەو فەوتان وکۆتایی دەڕۆن، چونکە ئەو کاتە دەستور و یاساکان بەجۆرێک دەبن لە بەرژوەندی هەژارو برسییەکان دەبێ و بارودۆخێک نامێنێ کە ژن ناچار بێ لەشفرۆشی بکا، یا پیاوێک چەند ژنێک بکاتە هاوسەر. بارودۆخێک نامێنێ ئاخوندو مەلاو ئیسلامی سیاسی کۆنترۆڵی کۆمەڵگە بکەن .

بەهیوای بەسەرکەوتنی شۆڕشێکی سۆشیالیستی لە ئێران و ناوچەکە و جیهاندا لە پێناو ئازادی ویەکسانی وە نەمانی دیاردەی لەشفرۆشی و فرەژنی و بەکاڵابوونی ژناندا.



# ٩ ی دیسەمبەر

## نووسینی: چیا ئەسعەد

٩ی دیسمبەری هەموو ساڵێک بەرۆژی جیهانی ((دژە گەندەڵی)) دادنێرێت، کەلەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بەشێوەیەکی فەرمێ دانی پێدانراوە.

گەندەڵی لە پێناسە سادەکەیدا/ بە هەدەردانی سەرچاوەکانی ئابوری وڵاتە کە کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر ژێرخان و سەرخانی وڵات، کە ئەمەش کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەرکۆمەڵگە چ لەسەر ئاستی تاک و گشتی.

عێراق سێهەم وڵاتی جیهانە کەزۆرترین ڕێژەی گەندەڵی تێدایە. بەپێی نوێترێن ڕاپۆرتی نەتەوە یەگگرتوەکان کەلەدوای (سۆمال و ئەفغانستان) وە لەگەڵ ئەوەش عێراق سێهەم وڵاتی بەرهەم هێنەری نەوتە لە دوای (شانشینی سعودیە و ئیمارات)




وە عێراق و هەرێمی کوردستان لەهەرە مەترسیدارترین وڵاتان لە جیهاندایە لەکاتی ئاشکراکردنی دۆسیەکانی گەندەڵی، چونکە حوکمەت وحیزبە سیاسیەکان بکەرو هۆکاری گەشەسەندی گەندەڵین بەتایبەت سەرکردە و بنەماڵە سیاسیەکان.

دەمەویت لە نوسینەکەم لەم ڕۆژە جیهانیەدا سەرنجتان ڕابکێشم بۆ بابەتێکی تازەو هەستیار ئەویش هەڵکوتانە سەر فەرمانگای تاپۆی (قەزای چەمچەماڵ) کە گرنگترترین و هەستیارترین بەڵگەنامەکانی ناوچەی قادر کەرەم تێدایە کە یەکێک لە هەرە گەورەترین کێڵگەکانی بەرهەم هێنانی گازی تێدایە ئەویش (دانا غازە) جگە لە چەندین پاڵاوگەی نەوت لە ناوچەکەدا کە بە یەکێک لە سەرچاوە گرنگە ئابوریە گرنگەکانی ناوچەکە دادەنرێت.

٨/١٢/٢٠٢٢ هێزێکی دەمامکداری نزیکەی پەنجانەفەری بە چەندین ئۆتومبێل نزیکەی" ٣٥٠ بۆ ٤٠٠" بەڵگەنامەی کێڵگە نەوتییەکانی ناوچەی قادرکەرەم و کێڵگەکانی چوار دەوروبەری و کەبەشێکێ گرنگ بەڵگەنامەی زەوی و زاری خەڵکی ناوچەکەیە، هەتا بە دۆڵابەکەوە باریان کردووە و بردووە. هێزەکە سەربە (یەکێتی نیشتیمانییە!!) چونکە ناوچەکە لەژێر کۆنترۆڵێ زۆنی سەوزدایە، وە لەکاتێ میدیاکاران گەیشتونەتە شوێنی ڕوداوەکە تەواوی کەلوپەلەکانیان و بەخۆشیانەوە گیراوان.

ئەمە هاوکاتە لەگەڵ یادکردنەوەی شەهیدی قەڵەم ڕۆژنامەنوس (کاوە گەرمیانی) کە لەسەر ئاشکراکردن و نووسین وتارەکانی لەسەرگەندەڵی بەرپرسان لەماڵەکەی خۆیدا تیرۆرکرا.

گەندەڵی لە عێراق و هەرێمی کوردستان (حکومەت و حیزبە سیاسیەکان) دەیکەن و ( هاووڵاتی و خەڵک) باجەکەی دەدەن.

زۆرترین ڕێژەی نەخوێندەواری لە عێراقدا بەهۆی بێ بینایی و باری ئابوری خراپی خەڵکەیەوە، لەکاتێکدا بەرزترین و زۆرترین بینا بەدەست بارەگا حیزبیەکانەوەیە.

**لادە شاعیر تۆ لە باسی عیشقبازی و سەیری کە**

**چۆن خەریکن چەن کەسێ ئێستا وەتەن!! وێران ئەکەن**

**جاهیلان بۆ ئیستیفادەی زاتی خۆیان ڕۆژ و شەو**

**لەم موحیتە مەنعی عیلم و سەنعەت و عیرفان ئەکەن**

شیعری: مامۆستا ئەحمەد موختار جاف

**پرسی رۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

## بەهار عەلی چالاکوانی فێمنست و بەرێوەبەری رێکخراوی ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی وەڵامی پرسی رۆژی ژمارە دەداتەوە...



**پرسی ڕۆژ/ سەبارەت بە بڕیاری دادگای فیدڕاڵی باڵا ژمارە( ٢٣٠/اتحادية/٢٠٢٢) تایبەت لەتانەدان لەنادەستووری بوونی ماددەی ١٨ لە یاسای ژمارە( ١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ لە هەمواری یاسای ژمارە(١٨٨) ی ساڵی ١٩٥٩ لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.**

**ناوەڕۆکی ئەو ماددەیە بریتیە لە هەڵوەشاندنەوەی پرسکردن بە ژنی یەکەم و بۆئەوەی جیادەبێتەوە یان نا کاتێك پیاو ژنی دووەم و سێەم...تاد دێنێت. واتە وەرگرتنەوەی ئەو مافە سەرەتاییە کە ئازادی بدات بە ژن کاتێك ژنی دووەمی بەسەردادێت لە جیابوونەوە یان مانەوە!**

**پرسی رۆژ: ئایا حکومەتی هەرێم پابەند دەبێت بە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئەو ماددەیە یان نا؟**

**بەهۆکاری کێشەی سیاسی و ئابووری نێوان هەرێم عێراق، زۆرجار هەرێم پابەند نابێت بە بڕیارەکانی دادگای باڵای عێراق و بە سیاسیان لەقەڵەم دەدات. پێتان وایە هەرێم هەمان هەڵوێستی دەبێت؟**

**جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لە کوردستان، بەمانای گەڕانەوە نیە بۆدواوە لە یاسای باری کەسێتی بەتایبەتی پرس و مافی ژنان؟**

**هەڵوێستی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز و ئازادیخواز و ڕێکخراوەکانیان دەبێت چی بێت.**

**بەهار عەلی:** چالاکوانی فێمنست و بەرێوەبەری رێکخراوی ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی.

بریارەکەی دادگای فیدراڵی عێراق ژمارە 230 ساڵی 2022 دوو لایەنی هەیە:

یەکەم: ئەم بریارە سیاسیە و دەستبردنە بۆ سەر مافە دەستوریەکانی هەرێمی کوردستان کە مافی ئەوەی هەیە بە پێی بارودۆخی گونجاو بە خۆی یاسای تایبەت دەربکات بە مەرجێك ناكۆك نەبێت لەگەڵ دەستووری عێراق. لە یاسای باری کەسێتی عێراقدا ژن مافی هەیە داوای جیابوونەوە بکات، بۆیە لەم رووەوە مادەی 18 لە یاسای ژمارە 15 ساڵی 2008 بە هیچ شێوەیەك ناكۆك نییە لەگەڵ دەستووری عێراق.

بەرای من هۆکارێکی تری سیاسی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان توانیویەتی لە ماوەی 30 ساڵی رابردوودا چەندین دەستکەوتی گەورە بۆ ژنان بەدەست بهێنێت بە تایبەتیش لە بواری یاسادا، ئەم دەستکەوتانە لەلایەن رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە هەمیشە بەرز دەنرخێنرێت و لە کاتی بەراوردکردندا کوردستان بە باشتر لە عێراق لە قەڵەم دەدرێت. ئەمەش زۆر جار نیگەرانی لە لای عێراق دروست کردوە.

دووەم: ئەم بریارە پێشێلکاریەکی ئاشکرای مافی ژنانە، چوونکە بە پێی یاسای باری کەسێتی لە کوردستان هێنانی ژنی دووەم بە بێ ئاگاداری یەکەم هۆکارێکی زۆر بە هێزە بۆ ژنی یەکەم کە داوای جیابوونەوە بکات و بە ئاسانی پرۆسەکەی تەواو بکات و مافەکانیشی پارێزراو بێت.

دەربارەی پابەندبوونی هەرێمی کوردستان بەم بریارەوە، ئێمەی رێکخراوەکانی ژنان و هەندێك لە چالاکوانانی مافی مرۆڤ هەر لەیەکەم رۆژەوە لە دژی ئەو بریارە وەستاینەوە و چەندین بەرنامەو چالاکی جۆراوجۆرمان کرد لە رێگەی کەناڵەکانی راگەیاندن و تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و تەنانەت یەکێك بوو لە داواکاریەکانمان لەو یاداشتنامەی کە لە کەمپینی 16 رۆژی بەرەنگاربووەنەوەی توندوتیژیدا بڵاومان کردەوە.

جگە لەوە لە چەندین بواردا داوامان لە دام و دەزگاکا پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان کردوە کە نابێت بچێتە ژێر باری جێبەجێکردنی ئەو بریارەوە و پێویستە وەك چۆن مامەڵە لەگەڵ بریارەکانی ئەم دادگایە بۆ مەلەفی نەوت و بوودجە و مەلەفە گرنگەکانی تر دەکەن بە هەمان شێوەش مامەڵە لەگەڵ ئەم بریارەدا بکەن. چوونکە بە هۆی زاڵ بوونی ئەقڵیەتی پیاوسالاری لە ئەنجوومەنی دادوەری ترسی ئەوەمان هەیە ئەم بریارە بە ئاسانی جێبەجێبکرێت.

لەگەڵ بوونی لە ئاستەنگی زۆر و توندوتیژی دژ بە ژنان و هێرشی گەورەی هێزە کۆنەپەرستان بۆسەر بزووتنەوەی ژنان، بەڵام مەسەلەی ژن پێشکەوتنێکی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە و هەرگیز ناگەرێتەوە بۆ دواوە. هەموو ئەو هەوڵانەش بۆ ترساندن و دروستکردنی دوودڵیە بۆ ژنان تاوەکو بوێری ئەو نەکەن دەست بۆ مەسەلە هەستیارەکانی مافی ژن ببەن، بەڵام ئەوان بە هەڵەدا چوون و تازە دۆزی ژن لە کوردستان پاشەکشە ناکات.


# کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەوالانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەووەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

**bopeshawa@gmail.com**

**www.bopehsawa.net**



# سەردەمی پاککردنەوەی ئەوروپا لە ئاسەوارەکانی ئیسلامی سیاسی!

نووسینی: ڕێبوار عارف

یەک شەممەی رابردو یوڤاسکولا شاریکی تری زنجیرەی کۆرو سیمینارەکانمان بوو لە فینلاندا، کە زۆرترین قسەوباس و بەدواچوونی لەسەر بابەتە پەیوەندارەکانی ئەمڕۆی ئیرانی بەدوای خۆیداهێنا، وە نزیک بە سێ کاتژمێر کۆڕەکە درێژەی کێشا. هەڵبەتە لێرەدا مەبەستم ئەوەنییە کە پەلکێشتان کەم بەدوای تەسەسولی باس و پرسیارو بەدواچوونەکانی بەشداربووواندا، بەڵکو هەوڵدەکەم لەپاڵ دەخالەتی یەکێک لە بەشداربوواندا گوازرشتی خاڵی جەوهەری قسەوباسەکان بکەمە هەوێنی باسێک کە مەبەستمە لێرەدا بیخەمە ڕوو کە پێموایە ئێمە دەخاتە بەردەم ئەرکێکی ترەوە، کە بەبروای من پاش تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر ئەم خرۆشان و راپەڕینەی خەلکی ئیراندا هێشتا نەک وەک پێویست کارمان لەسەری نەکردوە، بەڵکو لەڕاستیدا ڤۆکۆسی ئێمە ئەوەندەی لەسەر ڕووداوەکانی نێوخۆی ئێرانە، ئەوەندە لەسەر کاریگەرەیەکانی ئەم خرۆشانە لەسەر ژیانی خەڵکی ئەوروپاو کەنداو ئەمریکا...نییە!

ڕێگە بدەن بۆچوونە نێو باسەکە لە پرسیاری بەرێزێکەوە دەست پێکەین، بەلام بەر لەوەی بچمە سەر پرسیارو باسەکەی، پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە مەلەفی نووسین و چاوپێکەوتنەکانی خۆم کە نزیک بە پەنجا بابەتی جۆراوجۆرە کە زۆرێکیان پەیوەندیان بە بارودۆخی ئیران و ئیسلامی سیاسیەوە هەبوو بۆیە لەگەل خۆم بردومە بۆ کۆرو سیمینارەکانی ئەم ڕۆژانە. بەلام ئەم جارەیان دوو بەشداربوو لەباتی قسەکردن لەسەر باس و بابەتەکەی ئێمە لەسەر ئیران، گەرانەوە بۆ هەڵدانەوەی لاپەری ئارشیفەکە، کە لە راستیدا سەرنجی بەشداربووانی تریشی بەدوای خۆیدا پەلکێشکرد، کە لێرەدا ئاماژەیەکی کورتی بە ناوەرۆکی قسەوباسەکەی دەکەین کە بەم شیوە بوو! ((تۆ لە چەند شوێنی نووسین و چاوپێکەوتنەکانتا ئاماژە بەکارکردو کاریگەری ئیسلامی سیاسی دەکەیت لەبوارەکانی توندتیژی خێزان و نامۆسپەرستی، مافەکانی مندالان و فێرگەو قونابخانەکان، مزگەوت و گۆرستانەکاندا، لە راستیدا بەلەبەرچاوگرتنی بەدواچوونەکانی خۆم لەسەر دۆخی ئیران و هەموو ئەوانەی کە تا بە ئێستەش دەیبیستم واهەست دەکەم یان تیگەشتنکی هەڵە لەلای ئێمە لەسەر چەمکی "ئیسلام ڤۆبیا" هەیە یان ترسێکی جیاواز ڕێگەی پێنەداوین لەبارەی ئەو مەسەلانەوە قسە بکەین و پەرچەکردارمان هەبێت، هەندێ جاریش کەسانێک کەقسەیان کردوە حەزمان لە گوێگرن لە قسەوباسیان نەبوو... ئایا ئێوە چی دەڵێن لەمبارەوە؟!))

وەلامدانەوە بە پرسیارەکە کونچکاوی و بەدواچونێکی زۆر زیاتری لەلای بەشداربووان ڕەخساندو دەتوانم بڵێم بەشێکی زۆری باسەکان هاتەوە سەر ئەوەی کە ئاخۆ چۆن دەبێت مامەڵە لەگەڵ کۆی ئەو بابەتانە بکرێت کە ساڵەهای ساڵە ئیسلامی سیاسی لەم کۆمەلگایانەی ئەوروپادا بە پشتیوانی سەدان مزگەوت و بنکەو بارەگاو کۆرو گروپ و ناوەند و بە ئیمکاناتێکی یەکجار گەورەی مادیەوە کاریان بەوشوێنە گەیاندوە کە نەک تەنیا سەدان و هەزارن کەسی ئەم ولاتانە وەک لایەنگر بەدوای خۆیاندا پەلکیش بکەن، بەڵکو تەنانەت لە شەرەکانی داعشدا بەرادەیەک کەسانێکی ئەوروپیشمان بینیەوە لەسەنگەری دیفاع کردن لە ئیسلامدا، هاوکان ئەوەش بڵێم

بەبێ هیچ دەمارگیریەک ئەوەندەی کە ئەوان توانیویانە پارسەنگێک بۆ خۆیان بەدەست بهێنن، ئەوەندە بزوتنەوە رادیکال و ئینسانیەکەی ئێمە لەمەیدانی ئەو جەنگەدا نەبووە! لێرەوە بابچینە نێو ناوەڕۆکی دیوە پەلکێشکراوەکەی ئێوارە کۆری چەند ڕۆژی ڕابرودومان لە شاری یوڤاسکولاو لەوێشەوە بزانین رابردوی ئەم باسە لە ولاتانی ئەوروپادا چۆن بووەو چ هەلومەرجێک هاتووەتە گۆڕێ بۆ کارکردن لەسەر جێگۆرکیەک بە پیگەی ئیسلامی سیاسی لەم ولاتانەدا. کە ڕەنگە کۆدەنگیەک هەبێت لەسەر ئەوەی کاریگەیەکانی خرۆشان و شۆرشی خەلکی ئێران نەک تەنیا ئیران و ناوچەکە دەبەزێنێت، بەلکو لە راستیدا دەنگو ڕەنگو پریشکی ئەو شۆڕشە، ئەوروپا گەلێک ولاتی جیهان دەگرێتەوە.

## ئەوروپا لە کوێوە بۆ کوێ؟!

کاریگەریەکانی بلۆکی شەرق لە کۆتای سەدەی رابردودا تەنیا خالی وەرچەرخانێکی گەورە نەبوو لە گۆڕینی هاوکێشەی جەمسەربەندیەکانی جیهان، بەڵکو لە کردەوەدا سەرەتای پاشەکشەیەکی گەورەش بوو بە ماف و ئازادییەکانی ئینسان تەنانەت لە جەرگەی ولاتانی پێشکەوتووی جیهاندا لەنێویشیاندا ئەوروپا.

بینمان کە چۆن هەژاری و بێکاریەک کە لەسەرەتای نەوەدەکاندا لەم ولاتانەدا کەوتەڕێ کەتەنیا ڕاسیزم و نەژادپەرستی نەهێنایەوە مەیدان، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی پاشەکشەیەکی گەورەی بە بیمەو خزمەتگوازارییەکانی خەلک کردو لەنێویشیاندا ئیتر مەلەفی مافی مرۆڤ و مافی پەنابەری بەکردەوە بە مێژووی ڕابردو سپارد.

ئەم پاشەکشە گەورەیە رۆژ بەڕۆژ دۆخەکەی بەو شوێنە گەیاند کە ئیتر ملیارها دۆلار بخرێنە خزمەت داخستنی سنوورەکان و دەریاکانیش بکریتە گۆرستانی کەڵەکەکردنی جەستەی پەنابەران و کۆچکردوانی ئاسیاو ئەفریقاو خۆرهەلاتی ناوەراست. زۆربەمان ئەو رۆژگارانەمان لەیادە کە لە جەرگەی ئەم ولاتانەدا شیعاری ئەلمان بۆ ئەلمانەکانە و سوید بۆ سویدەیەکانە دەوترایەوەو راسیزم و نەژادپەرستی لەگەشت و گوزەری خۆیدا بوو، وەک ئەوەی کە ئێستە دەبینین کە چۆن لە زۆربەی ولاتانی ئەوروپا ریژەن و لەهەندکیشیاندا مەترسین.

دۆخەکە تەنیا بەوەوە نەوەستاوە کەمەلەفی پەنابەری بە خالی کۆتای خۆی بگات، بەڵکو لە هەناوی خۆیدا ئیسلامی سیاسی داوای باجی دەکرد بۆ راستکردنەوەی ئەو پەراوێزخستنەی کەسەردەمانێکی زۆر بەخۆیانەوە بینیبوو. پێویستە ئەوەش بڵین کە ئەمە دەرفەتێکی زێرینیدا بە ولاتانی غەرب و ئەمریکا سەرمایە گوزاریەکی گەورە لەمبارەوە بکەن. لەلایەکەوە بە سوود وەرگرتن لە هێزی کاری هەرزان و ساخکردنەوەی کالاکانی ئەم ولاتانەو لەنێویشیاندا بازارگەرمی جبەخانە سەربازیەکان و بەتالان بردنی نەوت و سەرچاوە ژێر زمینیەکان. لەلایەکی تریشەوە بە نائەمنکردنی جیهانی دەرەوەی ولاتانی غرب و ئەمریکا ئاستی چاوەروانیەکان و بژیوی خەلکی ئەم ولاتانە بێنێتە خوارەوەو بڕین و کەمکردنەوەی بیمەو خزمەتگوزاریەکانیان بکەنە حاڵەتێکی ئاسایی و چاوەروانکراو.

هەموو ئەمانەش نەک تەنیا نەرمی نواندن و دەست ئاوەلایەکی بەرچاوی لە سیاسەتی ولاتانی ئەوروپادا ڕوو بە ولاتانی ئیسلامی کردەوە، هاوکات بۆ قولکردنەوەی قلشتی چینایەتی و دوورخستنەوەی هەر رادەیەک لە هاو دلّی و هاوپشتی لەنێو چینەکانی خوارەوەی کۆمەلّگەدا، وەک چۆن لەسەردەمانیکدا بێکاری و هەژاری دەتوانیت داینەمۆی پەرەسەندنی راسیزم و نەژادپەرستی بێت، بەهەمان شێوە ئامرازێکی تریش دەتوانێت ئاستی ئەم جیاکاریە قوڵترو بەرچاوتر بکاتەوە کە ئەویش شمشێری "فرە فەرهەنگی" یە!

بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی فرە فەرهەنگی لە کۆتایی ساڵانی نەوەدەکاندا لەم ولاتانەدا کرایە ناوەندی ئەو بازارەی کە دواکەوتوانەترین و کۆنەپەرستانەترین کالاکانی تێدا نمایشکرا، بۆ ئەم مەبەستەش ولاتانی ئەوروپا بازاریان بە رووی رەواج پێدانی فەرهەنگ و ئایدلۆژیای ئیسلامی سیاسیدا کردەوەو بۆ ڕاگرتنی ئەو باڵانسەش ئیتر بینیمان کە چۆن کار بە جیاکردنەوەی ژینکەو سیاسەتی " گیتۆیی" دروستکردنی مەحەلاتی پەنابەریەوە نەوەستاوە کە تیدا تەواوی دابونەریت و فەرهەنگی دواکەوتوانەی حۆیانی نمایش بکەن. دواتر بینیمان کە چۆن کردنەوەی مزگەوت و بنکەو بارەگای ئیسلامی دۆخەکەی بە ئاستانەی پێداگرین لەسەر یاسای شەریعە گەیاندو ئیتر تەنیا قونسولی و سەفارەنخانەکان نەبووە بنکەی نەخشەکێشانی تیرۆری هەڵسوڕاوانی سیاسی، بەلکو رۆژ بە رۆژ شەقامەکانی ئەم ولاتانە بوونە مەیدانی ساردکردنەوەی جەستەی ژنان و بینیمان کە چۆن ریژەی کوشتنی ناموسپەرستی رۆژ بە رۆژ لە هەڵکشاندا بوو، بینمان کەچۆن توندوتیژی بووە مەترسیەکی واقعی لەم کۆمەلگەیانەدا کە ئیسلامی سیاسی تیدا پشکی شێری هەبوو.

کاتێک کە کاریکاتێری گۆڤاری شارلی ئیبدویان بلّاو دەکردەوە لە ساڵی ٢٠١٥ هێرشێکی فراوانی هێزە ئیسلامیەکانی بۆسەر نوسینەگەی گۆڤارەکە بەدوای خۆیدا هێنا کە بووە هۆی تیرۆرکردنی١٢کەس لە ئەندامانی دەستەی نوسەرانی و تەنانەت کاتێک کە مامۆستایەک وێنەی ئەو کاریکاتیرە نیشانی قوتابیان دەدات و باس لە ئازادی بەیان دەکان گەنجێکی ئیسلامی هەڵدەستێت بە سەربرینی مامۆستاکە کە تووڕیەکی گەورە بەدوای خۆیدا هێنا. فتوای کاریکاتیریستەکەی دانیمارکیش نموونەیەکی تری هاوشیوە بوو لەسەر دروستکردنی کاریکاتیریکی محەمەد پیغەمبەری ئیسلامیەکان، تا دەیان نموونەی تر بەلگەنەویستە بۆ کاریگەریەکانی ئیسلامی سیاسی لەم ولانانەدا. ئێستا کە حکومەنی جمهوری ئیسلامی لە ئاستانەی بە گۆر سپاردندایە، پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا پریشکی ئەم خرۆشان وشۆرشە دەتوانێت چ کاریگەریەکی لەسەر ژیان و گوزەرانی هاولاتیانی ئەم ولاتانە هەبێت، ئێمە چۆن دەتوانین دەورێکی کاروبەرچاومان هەبێت لەگەیاندنی پەیامی ئەو شۆرشەی ئیران بۆ گەرانەوەو بەهیزکردنەوەی بەها ئینسانیەکانی ئەم کۆمەلگەیانەو رزگارکردنیان لەدەست تابوتی ئیسلامی و راچلەکاندنیان بەوەی کە ئەم شۆڕشە دەتوانێت چ کاریگەریەکی لەسەر ژیانی خەلکی ئەم ولانانە هەبێت و بۆ دەبێت بە تەواوی بوونی خۆیانەوە پشگیری لەم راپەرین و شۆرشە بکەن وە ئایا ئەم شۆرشە چ دەرفەتێک دەدات بە بەهێزکردنەوەی سکۆلاریزم و پاشەکشە پیکردنی کۆنەپەرستی و هەروەها ئازادی بیروڕا دەربرین و ئازادی رەخنەگرتن لەهەر ئایدیاو ئایدۆلوژیاو ئاینێک لە جەرگەی ئەم ولاتانی ئەوروپادا....!

دواجار ئەوەی کە دەمەوێت بلّێم ئەوەیە کە بەبروای من لەجەرگەی ئەم بارودۆخەو لە پرۆسەی ئەم خرۆشان و شۆرشەدا کە سەراپای مرۆڤایەتی چاوی ئومێدی تێ برِیوە، کارێک و ئەرکێکی هەنوکەی تەواوی ئازادیخوازان و بەرەی رادیکال و چەپ و کۆمۆنیست دەگرێت، ئەوەیە کە چۆن لە ئاستێکی بالادا دەست دەبات بۆ گسکدانی ئاسەوارو کاریگەریەکانی ئیسلامی سیاسی لەم ولاتانەدا، چۆن لەهەولی جەنگێگی دوو تەرەفەدا دەبێت دژ بەم حکومەنانەی کە سالەهایە لەژێرسایەی سیاسەتی فرە فەرهەنگیدا پاشەکشەیەکی تەواویان بە ئازادیخوازی و ماف و بەها ئینسانیەکان کردوە هاوکات هەوساری ئیسلامی سیاسیان بەرداوە بۆ ئەوەی بەو شێوەی کە ئارەزو دەکەن کۆمەڵگە نغرۆی کۆنەپەرسی بکەن، کە دیارە ئێمە دیوێکی جەنگەکەمان لەگەڵ هەمان ئەو هیزەدایە.

ئەوەی لەمبارەوە لەهەموو شتێک گرنگترە ئەوەیە کە ئەمرۆ لەئاستێکی زۆر فراواندا خەڵکی ئەوروپا دڵخۆشن بەو ئالوگۆڕانەی ئیران و بەهاتنە مەیدانی ژنان و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادیەکانیان، کە ئەمە زەمینەیەکی گەورەی پێشوازیکردن و هاوکاری کردنی ئەو خەڵکەیە لەگەل ئێمەداو هەر ئەمەش دەرفەتێکی گرنگە بۆ ئێمە کەبتوانین ئەسپی خۆمانی تێدا تاوبدەین بچینە جەنگی " فرە فەرهەنگی" هەموو ئەو دابونەریتانەی کە ساڵەهایە ڕەنج دەبەین بە دەستیانەوەو ئێستە ئیتر کاتی پاککردنەوەی کۆمەلگەیە لە ڤایرۆسی ئیسلامی سیاسی و دابونەریتەکانی!

********

# ئافرەت لە نێوان تونێلی توندوتیژی و دەروازەی ئازادیدا "

## نووسینی/دکتۆر ڤیان سلێمان

توندوتیژی دژی ئافرەت لە هزرەوە تا گوتارو کردار بە پاڵنەری دەمارگیریی ڕەگەزی کە دەرەنجامی هزری پیاوسالارییە پیادە دەکرێت، ئەم هزرەش پیاوی کردووە بە باڵادەست و بڕیاردەری نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ستەمەی بە درێژایی مێژوو لە ئافرەت کراوەو جیاکاری و نایەکسانی بەرهەم هێناوە، توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت، بە جۆرەکانی فیزیکی و دەرونی و ئاستەکانی لە نزمترینەوە تا دوائاست، دیاردەیەکی ترسناکەو دەرهاویشتەو لێکەوتەکانی بە زیانێکی زۆر بۆ ئافرەت و کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، چونکە ئامانجی ئەوەیە ڕەگەزی مێ ملکەچ و دەستەمۆ بکات و پەراوێزی بخات لە بینینی ڕۆڵی وەک بوونێکی کۆمەڵایەتی، ئەمەش واتە بە فیڕۆ چوونی هزر و توانای ئافرەت و سەرەنجام بێ ئیرادەکردن و کارنەکردنی نیوەی سامانی مرۆیی کۆمەڵگە. سەبارەت بە کۆمەڵگەی کوردستانی، سەرەڕای گۆڕانکاریە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان، هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێم و گرتنەبەری ڕێکارە یاساییەکان، کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و داکۆکیکار لە پرسی ئافرەت، هەوڵەکانی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ئەو گۆڕانکاریانەی لە کەسایەتی ئافرەت دروست بووە ڕوو لە بەهێزی و ئامادەبوون لە بوارە جۆراوجۆرەکان، ئامارەکان دەریدەخەن کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕووداوەکانی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت بە جۆرو ئاستەکانیەوە بەردەوامە و ڕۆژانە ڕادەچڵەکێین بە هەواڵی ناخۆش و نامرۆڤانە و تاوانی دڕندانەی کوشتنی ئافرەت بە بیانوی پاراستنی شەرەفی خێزان، ئەم تاوانانە تەنانەت لەنێو کوردانی تاراوگە نشین لە وڵاتە هەرە دیموکراسیەکانیش ڕوودەدەن.

زۆرینەی هەرە زۆری تاوانەکانی توندوتیژی دژی ئافرەت لە چوارچێوەی خێزان ڕوودەدەن، ئەوانەی بکەری توندوتیژیەکەن پیاون و لە کەسە نزیکەکانی ئەو ئافرەتانەن کە توندوتیژیان لە بەرامبەر دەکرێت، ئەمەش ڕەوایەتی لەو باوەڕە کولتووریانە وەرگرتووە کە ڕەگەزی نێر سەروەر دەکات و پیاوبوون لە بەهێزبوون و دەسەڵاتداربوون بەسەر ئافرەتدا دەبینێت، هەندێک چەمک لە ژیانی مرۆڤ پیرۆزتر و گرنگتر دادەنێت و زەمینەی کۆمەڵایەتی بۆ توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت لەبار دەکاو بەردەوامی پێدەدات.هەموو ئەم چەمک و بڕوایانەی کە پشتیوانی سەروەری ڕەگەزی پیاو و پەراوێزی ئافرەت دەکەن، دروستکراون و هزری دەسەڵاتی چینایەتی و پیاوسالاری بنیاتی ناون، بۆیە دەکرێت هەڵبوەشێنرێنەوەو بە بڕوایەکی مرۆڤ سەروەری بنیات بنرێنەوە، ئەمەش پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانی هەمەلایەنە و گۆڕانکاری لە کلتور و پەروەردە و دەسکاری چەمک و باوەڕە کۆمەڵایەتیەکانی دەسەڵاتی زاڵ و هزری پیاوسالاریە.

ئافرەتی کورد گەیشتووە بە ئاستێک کە ئیتر ناگەڕێتەوە بۆ دواوە ژیانێک قبوڵ ناکات لە نێوان ئافرەتێکی ژێردەستەو پاشکۆو پیاوێکی دەسەڵاتداری تاکڕەو و خۆسەپێن، بەڵکو تێکۆشانی ژیانێکی ئازادانە وەک مرۆڤێکی هاوتا و هاوژینیەکی هاوسەنگ و یەکسان لە ئەرک و ماف دەکات، زیادبوونی حاڵەتەکانی توندوتیژی و ڕووداوەکانی کوشتنی ئافرەت لەلایەن پیاوەوە تەنها تاوانێکی سەرشێتانەو پەرچەکردارێکی کاتی پیاو نین، بەڵکو ترس و تۆقینی هزری پیاوسالارییە لە داڕوخانی دەسەڵات و هەژمونە هەزاران ساڵیەکەی، هەر ئافرەتێکی قوربانی ڕووداوەکانی کوشتن و توندوتیژی پاڵەوانی ڕێگای یەکسانی و ئازادی ئافرەتەو لەگەڵ هەر ڕووداوێکی لەم شێوەیەدا یەکێک لە ستونەکانی هزری دواکەوتوی پیاوسالاری دەلەرزێت، چونکە دواجار ئەوە ئافرەتە کە دەڵێت چی دیکە ستەم و توندوتیژی دیلی چوار دیواری ماڵیم ناکات.

ئافرەتانی کورد بوونەوەری لاوازی قوربانی دەستی ستەم و توندوتیژی نییە، بەڵکو وەکچۆن لە بارودۆخی سەخت و هەلومەرجە قورسەکاندا ڕۆڵی شایستەی بینیوە، لە خەباتی یەکسانی و بەدەستهێنانەوەی مافدا کۆڵنەدەری ڕێگای ئازادی و یەکسانیەو قوربانی دەدات، ئیتر کاتی ئەوەیە پیاو ئەم پەیامەی ئافرەت بە ڕۆحێکی یەکسانخوازەوە وەربگرێت هاوشێوەی ئەو پیاوانەی دیکە کە دانیان بە ماف و ئازادی ئافرەت ناوە.

هەروەها پێویستە حکوومەت و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان لە دژی ئەم دیاردە مەترسیدارە بوەستنەوەو پشتیوانی ئافرەت بن لە پاراستنی لە توندوتیژی و دانانی میکانیزمەکانی ڕێگریکردن لەم دیاردەیە، جێبەجێکردنی یاساو سزادانی ئەنجام دەرانی توندوتیژی و دەرکردنی یاسای نوێ بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی و دادپەروەری و قەرەبوکردنەوەی ئافرەت لە پەراوێزخستنە ئابوری و کۆمەڵایەتی سیاسیەکان، دەستنیشان کردن و ڕیشەکێش کردنی ئەو هزرە کۆمەڵایەتیانەی کە زەمینە بۆ توندوتیژی دەرەخسێنن، باش کردنی بەها کۆمەڵایەتی و ڕەفتارییەکان و ڕزگارکردنی لە تێڕوانینی دژە ئافرەت و جیاکاری بەرەو کۆمەڵگەیەکی یەکسان و پلۆرال و دیموکرات. ...



پرسی ژن ؟

بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشک دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

# بەکارهێنانی توندوتیژی بەرانبەر ژن لە سۆشیال میدیادا "

## نووسینی/ بەناز کاوێس ئاغا

تا ئێستەش لە زۆرینەی کۆمەڵگەکاندا ژن ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە، زۆربەی جاریش یاسا هیچ جۆرە پشتگیری و بەرگریی گونجاو پێشکەش بە قوربانیان ناکات. بەداخەوە کە ئێستەش توندوتیژی بەرانبەر بە ژن گواستراوەتەوە ناو سۆشیال میدیا.

هەرچەند ژن زیاتر بچێتە ناو سۆشیال میدیا، ئەگەری توندوتیژی بەرانبەری زیاتر دەبێت، کە هیچی کەمتر نییە لە توندوتیژیی جەستەیی. توندوتیژی بەرانبەر بە ژن لە سۆشیال میدیا بووە بە دیاردەیەکی زۆر باو، ڕێکخراوی بەخشینی نێودەوڵەتی ئاشکرای کردووە کە یەک چارەگی ژنانی دنیا، دووچاری توندوتیژی بوونەتەوە لەناو تۆڕی ئینتەرنێت کە زۆربەیان هەستیان کردووە هەڕەشەیان لەسەرە.

سەرەڕای ئەوەی کە خەڵکانێک لە ڕەگەزی جیاواز ڕووبەڕووی توندوتیژی و خراپی مامەڵە دەبنەوە لەناو ئینتەرنێت، بەڵام ئەو مامەڵە خراپەی کە ژن دووچاری دەبێتەوە، بەزۆری پێوەندی بە سێکس هەیە و ئاماژەی دیاریکراو لەخۆیەوە دەگرێت کە پێوەندیی ڕاستەخۆی هەیە بە جەستەی ژنەوە.

ساڵی ٢٠١٧ ڕێکخراوی بەخشینی نێودەوڵەتی لەڕێی ئینتەرنێتەوە لێکۆڵینەوەیەکی هاوبەشی لەگەڵ IPSOS MORIکرد، لەبارەی ئەو ژنانەی کە دووچاری توندوتیژی و خراپی مامەڵە بوونەتەوە لەناو سۆشیال میدیا، هەشت وڵاتی لەخۆوە گرتبوو، لەوانە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا.. ئەنجامەکان دەریانخست کە یەک چارەگی بەشدارەکان واتا ٢٣٪ ژنان لە هەر هەشت وڵاتدا ڕووبەڕووی توندوتیژی و گێچەڵی سێکسی بوونەتەوە لەناو سۆشیال میدیادا، ئەگەر بۆ یەک جاریش بێت، ٥٩٪ ژنانی ئەمەریکی و بەریتانی باسیان لەوە کردووە کە تاوانبارەکان نەناسراو و بێگانە بوونە.

لەمبارەیەوە ڕێکخراوێکی ئەمەریکی بەناوی Network to End Violence Nationalلەسەر هەمان بابەت بەدواداچوونێکی کردووە، لە ئەنجامدا دەرکەوتووە کە ڕێژەیەکی زۆری خراپ بەرانی تەکنەلۆجیا، ئینتەرنێت بەکار دێنن بۆ ئەوەی قوربانییەکانیان بدۆزنەوە.

ڕێکخراوی یارمەتی ژنان لە دژی توندوتیژی لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەریخستووە، قوربانیان ئاشکرایان کردووە ئەو توندوتیژییەی دووچاری بوونەتەوە لە سۆشیال میدیا، لەلایەن هاوبەشەکانیان یان هاوبەشی پێشوویان، بەشێک بووە لەو توندوتیژییەی کە لەدەرەوەی ئینتەرنێتیش دووچاری هاتوون. جگە لەوە نیوەی ڕێژەکە ئاشکرایان کردووە کە توندوتیژییەکە گەیشتووەتە ئاستی هەڕەشەکردن لە خۆیان و لە کەسە نزیکەکانیشیان.

لێکۆڵینەوەیەکی تر هەر لەم بابەتە کە لە کۆمەڵێک وڵات ئەنجام دراوە وەک زیمبابۆی، هایتی، ئەفغانستان، نیپال، گینیا، سریلانکا، ئۆکرانیا ئاشکرای کردووە، قسەی نەشیاوی زۆر کراوە بەرانبەر ژنانی سیاسەتمەدار لە ڕێی سۆشیال میدیاوە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی کردووەتە سەر ئازادی ژن لە ڕادەربڕین و بەشداری سیاسیدا.

بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕووتی ژن بەبێ ڕەزامەندی خۆی، دەچێتە قاڵبی توندوتیژی و بە پێشێلکردنی مافی ژن دادەنرێت، هەر لە بەدواداچوونی IPSOS MORIهاتووە کە ١٠٪ ژنان لە ئەمەریکا، ٨٪ ژنان لە بەریتانیا ئاشکرایان کردووە، بەبێ ڕەزامەندیی خۆیان وێنەی ڕووتیان لە ئینتەرنێت بڵاو کراوەتەوە.

هەر توندوتیژییەک لە بەرانبەر ژن دەکرێت لە ناو ئینتەرنێت و لە دەرەوەشی، بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و مافی ژن هەژمار دەکرێت. توندوتیژیی بەرانبەر ژن لە سۆشیال میدیا واقیعێکی تاڵە و ژن بە دەستیەوە دەناڵێنێ، چونکە ئازارە دەروونییەکەی زۆر خراپتر و ترسناکترە لە ئازاری جەستەیی. ڕەنگە سۆشیال میدیا شوێنێکی ترسناک و تۆقێنەر بێت بۆ ژن، چونکە گێچەڵکردنی سێکسی و توندوتیژی ناو سۆشیال میدیا، پانتاییەکی زۆر فراوان داگیر دەکات، بەر لە هاتنی ئینتەرنێت، توندوتیژی بەرانبەر ژن لەناو چوارچێوەی خێزان بوو، یان لە گەڕەکێک یان لە ناوچەیەک بڵاو دەبووەوە، بەڵام ئێستە لە پانتاییەکی بەرفراوان و ترسناک تەشەنە دەکات و بڵاو دەبێتەوە.

توندوتیژی بەرانبەر ژن لە سۆشیال میدیا بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەڵکشان و درێژەپێدەری ئەو توندوتیژییەیە کە ژن لەسەر ئەرزی واقیع دووچاری دەبێت، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی تا ئێستەش بە چاوێکی نزم سەیری ژن دەکات، وا دەزانن ژن نابێ و ناتوانێ پێگەی بەرزی هەبێت، بۆیە جنێو و قسەی ناشیرین و تەشهیر بە ژن دەکەن، ئینجا بەهەر مەبەستێک بێت ئایا بۆ تۆقاندنی ژنە یان سووکایەتیکردن، یان ئابرووبردن یاخۆ بۆ بێدەنگکردنە.

لێکۆڵینەوەکان ئاشکرایان کردووە کە هەندێک ژنی قوربانی توندوتیژی ئەلیکترۆنی، دووچاری بارێکی دەروونی زۆر خراپ بوونەتەوە کە گەیشتووەتە ئاستی خەمۆکی و خۆکوشتن...

# ڤیگۆ و ئەبو چیچۆ و شیروان شیروانی



نووسینی: دلێر محەمەد نوری

کۆتاییەکانی ئەمساڵی ٢٠٢٢، بە ڕۆژگارێکی پڕ شەرمەزاری، بۆ سیستمی دادپەروەری وڵاتی نەرویج ئەژمارد کرا. ئەوەش بە هۆی کەیسێکی دادگایی کۆنی نەرویجەوە بوو، کە بووە هۆی زیندانی کردنی کەسێکی بێتاوان بۆ ماوەی ٢١ ساڵ. ئەو کەیسەش بە کەیسی بانەهێیا (Baneheia saken)ناسراوە.

کورتەی کەیسەکە ئەوەیە کە کەسێک بە ناوی ڤیگۆ کریستیانسن ١٩٧٩ز، بە ٢١ ساڵ زیندانی، دادگایی ئەکرێت لە ساڵی ٢٠٠١دا. گوایە کە پیلان داڕێژەر و بەشدار بووە لەگەڵ هاوڕێیەکی بە ناوی جان ئەندەرسن ١٩٨١ز، لە دەستدرێژی سێکسی کردنە سەر دوو کچی ٨ و ١٠ ساڵان و پاشان کووشتنیان. ئەم کەسە بێتاوانە، ئەم تۆمەتەی بە سەردا ئەچەسپێت، بەهۆی هەندێک پێدراوەوە، کە لە ساڵەکانی سەرەتای ٢٠٠٠دا و بە پێی تەکنیکی لێکۆڵینەوە لەو سەردەمەدا، ئەو کەسەی پێ تاوانبار کرا. لەو بەڵگانەی کە بوونە هۆی ئەوەی زیاتر لە٢٠ بەهاری تەمەنی لە زیندان‌دا بە سەرببات ئەمان بوون:- (دان پێدانانی هاوڕێکەی، ئەنجامی پشکنینی DNAبۆ هەر دوو تاوانبارەکە و بەراورد کردن لەگەڵ پاشماوەی بایۆلۆجی هەردووکیان لە شوێنەکەدا، دەریخست بوو، بە ڕێژەی ١٠٠٪ ە بۆ جان و بە ڕێژەیەکی زۆر کەمترە بۆ ڤیگۆی بێتاوان، یەکانگیربوون. گوێنەدانی دادگا بە ڕەتکردنەوەی تەواوی تاوانەکە لە لایەن ڤیگۆوە بۆچەندین جار و گوێ نەدان بە بانگەشەکردنی بۆ ئەوەی کە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە، لە شوێنی ڕووداوەکە نەبووە، بە بەڵگەی هەندێ تێکستە نامەی ناو مۆبایلەکەی کە دەری دەخەن لەو کاتەی تێکستەکان نووسراون ڤیگۆ لە شوێنی ڕووداوەکە نەبووبێت. لە دوای بیست ساڵ لە ڕووداوەکە دوو پێدراو لەوانەی ڤیگۆی پێ تۆمەتبارکرا گۆڕانی بەسەردا دێت. لە لایەکەوە زانستی پشکنینی DNAپێش دەکەوێت و زانیاری وردترمان پێ دەدات و لەلایەکی دیکەشەوە زانستی پەیوەندییەکانی مۆبایل زانیاری وردتر دەدەن بە دەستەوە. بە پێی ئەو پشکنینانەی بۆ DNAی ڤیگۆ لەم کەیسەدا کراون لە ناوەندێکی ئیسپانی دەریانخستووە کە ئەشێ ئەو دەرئەنجامانەی پاشماوەی بایۆلۆجی لە شوێنی ڕووداوەکە کە ڤیگۆی پێ تۆمەتبار کراوە لەگەڵ ٥٤٪ پیاوانی نەرویجی، یەکبگرنەوە و پێی تۆمەتبار بکرێن. هەروەها کۆمپانیای تەلەنوری نەرویجی، لە ئەنجامی شیکردنەوەی زانیاری ناو مۆبایلەکەی ڤیگۆ و گەڕانەوە بۆ ئەو زۆنانەی کە شەپۆلەکانی تۆڕی مۆبایل دایانپۆشیوە، بۆی دەرکەوتووە کە ڤیگۆ لە کاتی ڕووداوەکە لەوێ نەبووە. لەمانەشەوە ئەگەنە هەندێک دژیەک لە دان پێدانانی جان، لە دژی ڤیگۆی هاوڕێی. بە کورتی بڕیاردانێکی هەڵە، لە کەیسی تاکە کەسێک، بەهۆی دواکەوتویی تەکنەلۆژیای پەیوەندییە تەلەفونییەکان و دواکەوتوویی پشکنینی DNA، بووە هۆی دادگایی کردنی بەهەڵەی کەسێکی بێتاوانی وەکو ڤیگۆ. دەرئەنجامی هەڵە کردن لە کەیسی تاکە کەسێکدا، سەرۆک وەزیران و وەزیری داد و سەرۆکی دادگای باڵا و سەرۆکی حزب و ڕێکخراوەکانی هێنایە سەرخەت و هەر کەسە و بەجۆرێک ڕای خۆی لەمەڕ ئەم کەیسە دەربڕێ، هەر لە شەرمەزای و کارەساتبار و ئابڕووچوونەوە تا دەگاتە بڕیاری پێداچوونەوە و دووبارە بڕیاردانەوە و قەرەبووکردنی ڤیگۆ بە زیاترلە ٣٠ ملیۆن کرۆن کە نرخی لایەنی کەم ١٠ شووقەی شارێکی گەورەی کوردستانە. ئەگەرچی پێدراوەکانی ئەم دادگاییەی ڤیگۆ لە ساڵی ٢٠٠٠دا ئەم بڕیارە هەڵەیەی بە دادگای نەرویجی دا، بەڵام شپرزەیی و شەرمەزاری و هەڵپەی ڕاستکردنەوەی بڕیارەکە و قەرەبووکردنەوەی بێتاوانەکە، تاکانی تەرازووەکەی دادگاکانی نەرویجی لەلاسەنگی پاراست. لێرەدا خەیاڵ ئەمانباتەوە بۆ لای تەرازووە لاسەنگەکەی دادگاکانی هەولێر، ئەم دادگایە و بڕیارەکانی دژ بەو سەددان ڕۆژنامەنووس و چالاکوانە مەدەنییانەی بادینان، ئەوپەڕی نادادپەروەری بوو. سەددان ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی مەدەنی، بە بێ بوونی بەڵگەیەک بۆ ئەنجامدانی تاوانێک، دادگایی کران بە زیندانی کردنی دوو و سێ و چوار و تا شەش و حەوت ساڵ. لە پاش دادگاییەکەش، لە نێو زینداندا، بە خراپترین شێوە مامەڵەکران، ئازار دران و دەدرێن، شەڕی دەروونی و جەستەیی دەکرێن، هەندێکیان قەدەغەی سەردانیان لێ دەکەن، هەندێکیان لەگەڵ نەخۆشانی دەروونی دادەنرێن، هەندێکیان لە ژووی سارد و سڕی بێ پێخەو ڕۆژ ئەکەنەوە، هەندێکیان پاش تەواوبوونی ماوەی زیندانیشیان، کەیسی لابەلایان بۆ دەکەنەوە. دادوەرانێکی حزبی بە عەبای حزبەوە و دادگایەک لە وێنەی بارەگای حزبی و دام و دەزگایەکی لێکۆلینەوە تێکەڵ بەهۆبە نهێنییەکانی حزب، هەمووان چاوەڕوانی تەرازوویەکی شەق و شڕبوون تاوەکو لاسەنک لاسەنگ بڕیارگەلێک دەربکات، سەرۆک بخاتە هەلەکەسەما و چاوی منداڵ و ژن و دایکی زیندانیانیش پڕ بکات لە فرمێسکی خوێنین. لە سایەی وەها دەسەڵات و دادگایەک ئەبو چیچۆی زەردپۆشی پیاهەڵدەری حزب لە فرۆکەخانەوە بە سەرشان ئەبرێتە ماڵەوە و شیروان شیروانی ڕەخنەگر و ڕۆژنامەنووسیش بە قەمیسێکی ڕەشەوە و هەر بە کەلەبچەکەی دەستی ڕاکێش ڕاکێش، لە باوەشی خێزانەکەیەوە بۆ کونجی زیندان...

بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی هەشتەم

# شۆڕشی پڕۆلیتاری و حکومەتی کرێکاری

قسەکەران و بیرمەندانی بۆرژوازی، مارکسیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری بەوە تاوانبار دەکەن کە جارِ بۆ پیادەکردنی توندوتیژی و زەبروزەنگ دەدەن لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیاندا. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەوە خودی نیزامی بۆرژواییە کە لە بنەڕەتەوە لەسەر زەبروزەنگی بەرنامەڕێژیکراو دامەزراوە. زەبروزەنگ لە دژی گیان و جەستەی ئینسانەکان، زەبروزەنگ لە دژی سۆز و بیر و زەینیان، زەبروزەنگ لە دژی ئومێد و هەوڵی ئەوان لەپێناو باشکردنی ژیان و دنیای خۆیاندا. نیزامی کاری کرێگرتە، واتە ناچارکردنی هەموو ڕۆژەی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە بە فرۆشتنی توانای جەستەیی خۆیان بە کەسانی دیکە لەپێناو بەڕێوەچوونی ژیانیاندا، خۆی سەرچاوە و جەوهەری هەموو زەبروزەنگە زاتیەکانی ئەم نیزامەیە. ژنان، کرێکاران، منالان، بەسالاچووان، خەڵکی ناوچە بێبەش و دواکەتووەکانی جیهان، هەرکەسێک کە داوای مافێک دەکات و لەدژی ستەمێک ڕاست دەبێتەوە، وە هەموو ئەو کەسانەی کە لەم کۆمەڵگەیەدا مۆری ئەم یان ئەو "کەمینە" نراوە بەناوچەوانیانەوە، قوربانیانی ڕاستەوخۆ و هەموو ڕۆژەی زەبروزەنگی ئاشکرای ئەم نیزامەن. شەڕو کۆمەڵکوژی، لەبنەڕەتدا بەهۆی کێبەرکێی سەرمایەکان و جەمسەرە ئابوورییەکانەوە، لەم نیزامەدا مەودایەکی سەرسوڕهێنەری پەیدا کردووە. تەکنەلۆژیای چەکە نابودکەر و کۆمەڵ کوژەکان چەند ئەوەندە لە تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان پێشکەوتووترە. جبەخانەی بۆرژوازی لەئاستی نێونەتەوەییدا ئەوەندە زۆرە کە بەشی نابودکردنی چەندین جاری هەموو گۆی زەوی دەکات. ئەمە نیزامێکە کە چەکە ترسناکە ئەتۆمی و کیمیاییەکانی بەکردەوە لەدژی کۆمەڵانی خەڵک بەکارهێناوە. سەرەنجامیش سەرباری هەموو ئەمانە، کۆمەڵگەی بۆرژوایی شانازییەکی دیکەشی بەردەکەوێت، ئەویش پێشڕەویە سەرسوڕهینەرەکانیەتی لەبواری کردنی تاوان و کوشتن و دەستدرێژی و پەلاماردان بە مەسەلەیەکی ئاسایی و هەموو ڕۆژە لەژیانی تێکڕای خەڵکیدا.

ئایا دەکرێ نیزامێکی بەم چەشنە لەسەر ڕێگای ڕزگاریی ئینسان و بنەبڕکردنی یەکجاریی توندوتیژی وەلابنرێت بەبێ پەنابردنی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بۆ زەبروزەنگ؟ لە هیچ گۆشەیەکی تیۆری کۆمۆنیزمدا، بەکاربردنی زەبروزەنگ بە بەشێکی جیانەکراوە و زاتیی شۆڕشی کرێکاری دانەنراوە. بەڵام هەرکەسێک کە برێک ئەم کۆمەڵگەیە بناسێ دان بەوەدادەنێت کە چینی دەسەڵاتدار بەخۆشی خۆی ملنادات بە ئیرادەی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە بۆ گۆڕینی ئەم نیزامە. ئەگەر بەرگریکردن لە قازانج و بەرژەوەندی ڕۆژانەی بۆرژوازی ئەرکی دەوڵەت و دەزگاکانی سەرکوتە، ئەوە هیچ قسەی تیا نییە کە بەرگریکردن لە خودی مانەوەی سەرمایەداری و خاوەندارێتی بۆرژوایی فەلسەفەی وجودی ئەم دەزگایانە پێکدەهێنێ. ئەگەر خواستی زیادکردنی کرێ یان ئازادی بەیان لەم کۆمەڵگەیەدا پێی دەوڵەت و پۆلیس و سوپا دێنیتە ناوەوە، دەکرێ ئەوە پێشبینی بکرێت کە کۆشش بۆ دەستکۆتاکردنی ئابوری و سیاسی بۆرژوازی دەبێ لەگەڵ چ کاردانەوە و بەرگریەکی زەبروزەنگاویدا بەرەوڕوو ببێتەوە. زەبروزەنگی بۆرژوازی و دەوڵەتەکەی لە دژی شۆڕشی کرێکاری، لەدژی ئیرادەی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کە لە ژێر ئاڵای چینی کرێکاردا لەپێناو بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی نوێدا دەخرۆشێن، مەسەلەیەکە کە لەڕووی عەمەلیەوە حەتمیە.

شۆڕشی کرێکاری دەبێ دەوڵەتی بۆرژوایی بڕوخێنێ. مقاوەمەتی بۆرژوازی لە بەرامبەر شۆڕش و بەتایبەت لە بەرامبەر ئیشتراکی بوونەوەی هۆیەکانی بەرهەمهێناندا، تەنانەت پاش تێکشکاندنی دەسەڵاتە دەوڵەتیەکەشی، هەر درێژەی دەبێت. لەم ڕووەوە پێکهێنانی حکومەتێکی کرێکاری کە ئەم مقاوەمەتە پووچەڵ بکاتەوە و فەرمانی شۆڕش بەجێ بهێنێت، مەسەلەیەکی چارەنووس سازە. حکومەتی کرێکاریش، وەکو هەر حکومەتێکی دیکە، حکومەتێک نییە لەسەرووی کۆمەڵگە و چینەکانەوە. بەڵکو حکومەتێکی چینایەتیە. بەڵام ئەم حکومەتە، کە هەر لەبەرئەمە لە تیۆری مارکسیزمدا بە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا ناوزەد کراوە، دەوڵەتی زۆرینەی چەوساوەی کۆمەڵگەیە بۆ داسەپاندنی حوکمی ئازادیو یەکسانی ئینسانەکان بەسەر چینە چەوسێنەرەکاندا و بۆ زاڵبوون بەسەر هەوڵ و تەقەلا و پیلانەکانیاندا. لەڕووی شکڵ و شێوەوە، حکومەتی کرێکاری دەوڵەتێکی ئازادە کە بڕیاردان و پیادەکردنی ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەری بەرینی کرێکار و زەحمەتکێش لە کۆمەڵگە سازدەدات. حکومەتی کرێکاری بەپێی ماهییەتی خۆی حکومەتێکی ڕاگوزارە کە بەوەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕش زەرورەتی بوونی خۆی لەدەستدەدات و دەپووکێتەوە.

## حیزب و ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستیی چینی کرێکار

مەرجێکی هەرە گرنگی قەوارەگرتن و سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار، پێکهاتنی حیزبە کۆمۆنیستیە کرێکاریەکانە کە ئاسۆیەکی لەم چەشنە بخەنە بەردەم چینی کرێکار و هێزی ئەم چینە لەم خەباتەدا ئامادە و ڕابەری بکەن. ئەم حیزبانە کە بەرلە هەرشتێک دەبێ ڕێکخراوی یەکگرتووکردنی هۆشیارترین و هەڵسووڕاوترین ڕابەرانی خەباتە کرێکاریەکان بن، دەبێ لە وڵاتە جیاجیاکاندا پێک بێن. سەرمایەداری نیزامێکی جیهانیە، چینی کرێکار چینێکی جیهانیە، کێشمەکێشی چینی کرێکار لەگەڵ بۆرژوازیدا کێشمەکێشێکی هەمەڕۆژەیە لەئاستێکی جیهانیدا، هەروەها سۆسیالیزم ئەلتەرناتیڤێکە کە چینی کرێکار دەیخاتە بەردەم هەموو مرۆڤایەتی. بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکارییش دەبێ لەئاستێکی جیهانیدا ڕێکخراوبێت. پێکهێنانی ئەنتەرناسیۆنالێکی کۆمۆنیستیی کرێکاری، وەکو ناوەندی یەکخەر و ڕابەریکەری خەباتی جیهانیی چینی کرێکار لەپێناو سۆسیالیزمدا، ئەرکی دەمودەستی بەشە جیاجیاکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی چینی کرێکار و هەموو حیزبە کۆمۆنیستە کرێکاریەکانە لە وڵاتە جیاجیاکاندا...

**ماویەتی**

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالّح، حەکیم میرزا




## بوون لەدەرەوەی بەزیندانکردنی ژیان

### شرۆڤەی/ جەمال نوری

یەکێک لەو قەسیدە جوانانەی میرزا، کە بەزمانی شیعر دنیایەک نارەزایەتی و پرسیارگەلێک دەوروژێنێ، ئەو پرسیارانەی لەمێژە شاعیری بەخۆیەوە دووچاری ئەندێشەو بیرکردنەوەو ڕۆچون کرد وە، سەرقاڵ بوونی شاعیر و سورانەوەی بەدەوری کۆمەڵێک لەدەستەواژەی وەک (دایک، با، ترپە، دڵ، دەرگا، سەر، سەرما، پێکەنین، گریان، دامپۆشە )، ..هتد وەها شاعیری بەخۆیەوە بەستۆتەوە وەک بیەوێ لەڕێگای ئەم ووشەو دەستەواژەو کۆدانەوە پرسیارێک گەلێ، یا سیحری ئەو وشانە بدرکێنێ لە قەسیدەکەیدا بەتایبەت لەناو جەوهەری قەسیدەکەی میرزادا، سەرنجی خوێنەر بۆ دوو وشە دەبات، بەتایبەت کە کۆی دەقە شیعرەکەی میرزا وروژاندنی پرسە فەلسەفیەکانێتی؟ لەسەر بوون، بەکارهێنانی هەردوو وشەی (سەجین و سەجان) لە شێعرەکەیدا، ڕامان دەکێشێ بەرەو بیرکردنەوە قوڵە فەلسەفیەکەی ژان پۆل سارتەر کە لەسەر چەمکی بوون کتێبی بوون و نەبوونی نوسی) .

میرزا، لەڕێگای موخاتەبەکردنی دایکیەوە دێت، لەو دەرگایانە دەدات کەعەیامێکە لەسەر خۆی وکۆمەڵگەکەی کلۆم دراوە، دەرگاهایەک کە دەکرێ دەستمان گیربێ لە وەڵامی پرسە فەلسەفیەکانی خودی شاعیر، هەڵبەتە هەروا بەسانایی ناتوانین وەرامە مەعریفیەکانی شاعیرمان دەست بکەوێ کە لەناو قەسیدەکەیدا وروژاندویتی، بەڵکو لەڕێگای هەڵکۆڵین لەناو دەق و دۆزینەوەی ماناو واتایەکی نوێ کە شاعیر نەیوتوە، یا کەشفی نەکردوە، ئێمە لە ڕێگای خوێندنەوەکەوە بتوانین ئاشکرای بکەین بۆ خوێنەر، پێم وابێ هەر ئەمەش مانا ڕاستەکەی لێکۆلینەوەیە لەدەقی شیعری.

شاعیر پرسی بوون و نەبوون لە سروشتی مرۆڤبوون دەوروژێنێ، کاتێک بوون دەخاتە ژێر پرسیاری مەعریفی یەوە، دەیەوێ لەوە بگات داخۆ مرۆڤ بۆ دەژی؟ یان خودی ژیان بۆ خۆی چی یە؟ ئەم پرسەی شاعیر، زۆرێک لە فەیلەسوفەکان خۆیان لێداوە، بەنموون (دیکارت) دەفەرموێ انا افکر اذن انا الموجود .. شاعیر خۆی لەم وتەیەدا دەبینێتەوە و کۆی بوون دەخاتە ژێر پرسی فەلسەفیەوە و بەزمانە سادەکەی شیعر خۆی لێدەدات. سەرئەنجام شاعیر لە تەوزیفکرنی دەقەکەیدا پێمان دەڵێ بوونی مرۆڤ ئەوکاتە بوونە، کە لەو ڕاستیە تێ بگات کە بۆ دەژی و لەپێناوی چیدا دەژی؟ کاتێک مرۆڤ نەیتوانی نهێنی ئەم کۆدە نەکاتەوە بۆ خۆی لەژیاندا، ئەوا تێ نەگەیشتوە لەژیان کە بۆ ژیاوە ..؟

میرزا، لە دەوری مانا قوڵەکەی ژیاندا دێت و دەچێ، لەیەککاتدا پێمان دەڵێ (سەجینین و سەجانیشین) واتە زیندانی کراوو، لێپرسراوی زیندانین، لێرەوە بڵێین:–

(مرۆڤ نابێت مەحکومی چارەنووس ببێت)، نابێت لەپێناوی مردنا بژیت. ئەمە هەم هەڵگری فەرمانێکە هەمیش پەیامێکە بۆ مرۆڤ، ئەمە لەیەک، لەلایەکی ترەوە مرۆڤ شوناسی لەناو کردەو جوڵەو بیرو خەسڵەتیدایە، دەبێت لەپێناوی سەربەستی و ئازادی و مافی خۆی و گەلەکەی (زیندانی) بێت خۆ ئەگەر بەپێچەوانەوە بێت ئەو پرسیارە فەلسەفییە دێتە گۆڕێ مرۆڤ چییە و بۆچی هاتووەتە بوون؟ ئەگەر لەپێناوی مردنێکی سەربەرزانە نەژیت.

(سەجانیین) بەهەمان فاسیلەو دووری ئیدیۆمی یەکەمە، لەڕووی مەجازییەوە جاویدانییەو مانەوەیە بۆ بەرپرسیارێتی لە ژیان کە لەپێناوی ئازادی و سەربەرزی دا بۆ ئەو ژیانە زیندانی دەکرێین.

**قەسیدەکانی پێش مردن**

لەبەر خۆمەوە قسەدەکەم

خۆشم نازانم چیدەڵێم و باسی چی دەکەم

دەگەمە سەری هەرکۆڵانێک.. لێدانی دڵم دەگۆڕێت..

لەدەرەوەم و باران تەڕ تەڕی کردوم و خەبەرم نابێتەوە..

هەرچی هێز هەیە لەجەستەمدا نەماوەو

سەرم بەقەد یەک هێزە ئاوساوەو

کەسێک نامباتە ئەوبەر

کەسێک پێم ناڵێت.. دەستێک بەو ڕەشەبایەدا بنێ و

قاوەیەک بخۆرەوەو تەماشایەکی ئەودیوی

ژوورەکەت بکەو گۆرانیەک گۆرانیەکی

حەزین بەناوچەوانتەوە بپێچەو

بەخۆت بڵێ ئەرێ ئەم هەموو دەرزیانە چییە دەچێت بەدڵماو کەسێک هەناسەیەکم بۆهەڵنا کێشێت

لەبەرخۆمەوە ئەگریم و هەموو وێنە ڕەشوو سپیەکانی منالّیم دەکەونەخوارەوە

با دەیانبات

سەرم قورسەو بیر لەمردن دەکەمەوەو

بیر لەوە دەکەمەوە.. بەخۆم دەڵێم

تۆ بڵێی ئەوانەی لەدەوری تابوتەکەمن

گوێیان لەلێدانی دڵم بێت.. ئەوکاتەی

تەڵقینم دادەدەن

سەرم قورسەو

هەموو گیانم نیشتۆتە سەرئاو..ئاوێکی

سارد سارد دەستم ناگاتە دڵم و

مۆمێکم بۆ داناگیرسێت

کەسێک ناگاتە بەردەگای ماڵە کۆنەمانوو

هەواڵێکی دایکم بۆناهێنێت

بیرلەمردن دەکەمەوەو سەرم خەریکە

دەکەوێتە خوارەوە

نازانم ئەم هەموو چەقۆیە چییە بەناو

جەستەمدا هاتووچۆ دەکەن

ئەم هەموو ئازارانە بۆئەوەندە گڕۆزن و

دەڤەری ڕۆحم بەجێناهێڵن

## کاتم بەدەستەوە نەماوە



**کاتم بەدەستەوە نەماوە**

**بەخۆما چومەوەو.. جارێکیتر**
**زیندوبومەوە**

**جارێکیتر ..گەمەیەکی ترسناکترم**

**لەگەڵ بادا کرد**

**وەك قەرەجێك بەکۆڵانەکانی**

**نیشتیماندا گەڕام**

**ژمارەی سەردەگای ئەو ماڵانەم**
**خوێندەوە**

**کەپەنجەرەکانیان شووشەی پێوە**
**نییەو**

**باران لێیان نادات**

**بەخۆما چومەوەو**

**بەبریندارى سەرم بۆهاوڕێ**

**درۆزنەکەم پۆستکرد**

**لەودیو دیواری کڵێسا**
**داخراوەکانەوە**

**بەدزی خواوە تێر تێر بەسەر خۆمدا**
**گریام**

**هیچم نەدی لەهەر وێستگەی**
**شەمەندەفەرێك لامدا**

**بێجگە..لەژنە شێتەکان کەسێك**
**چاوێکی لێدانەگرتم**

**کەسێك پێینەوتم.. ئەرێ کاتت**
**هەیە**

**پێکەوە قاوەیەك بخۆینەوە**

**وتم بەخۆما ئەچمەوەو**

**ئیتر گڵۆپی سەرشەقامەکان**
**ناشکێنم**

**فوو لەو مۆمانە ناکەم.. کەبا**
**هەراسانی کردون**

**پێموت.. دەرگاکە دامەخە، کلیلی**

**کۆپیکراوم پێ نییە**

**کۆدی گەڕەکەکەمانم بیرچۆتەوە**

**نازانم دراوسێکانم کێن و ناویان**
**چییە**

**وتم بەخۆما**
**ئەچمەوەو**

**ئەچم**
**بۆمەزاتخانەکە.. جووتێك پێڵاوی**

**کۆن دەکڕم و.. بنەکەی بزمار**
**ڕێژدەکەم**

**کراسێکی بێ قۆپچە دەکڕم**

**بەدایکم دەڵێم قۆپچەی تازەم**

**بۆلێدات**

**بیری دایکم دەکەم و دەستم ناگاتە**

**سەردڵم و ناتوانم زەنگێك لێدەم**

**ئامێرەکە بەدەستمەوە دەشکێت**

**گاڵتەم بەهەمووشتێك دێت**

**خۆشم نازانم بۆئەوەندە حەزم**
**بەخەوتنە**

**بۆئەوەندە.. تەماشای ئەودیوی**

**ڕۆحی خۆم دەکەم**

**ئەزانم بیری دایکم دەکەم**

**ئەزانم شتێك ڕوودەدات**

**شتێك .. ئەمباتە ئەوبەرو لەوێ**

**لای قەدەر دام دەنێت**

**وتم بەخۆما دەچمەوەو..**

**ئیتر ناچمە بەرئاوێنە**

**بەتوندی هەردووچاوم دەگرم و**

**دڵم بەلای پەردەکەدا هەڵدەواسم**

**هەناسەم لەژێر سەرینەکەدا**
**دەشارمەوە**

**ئەزانم شتێك ڕودەدات**

**کاتم بەدەستەوە نەماوە**

**دەبێت بەخۆما بچمەوە**

**..............**

**میرزا**

**٢٠/١١/٢٠٢٢**



# باڵۆرەلێدانی فرەژنی ناتوانێت هەرەسی فاشیزم بوەستێنێت!...

## عبدالرحمن رسول

لەجیاتی بانگەشە بۆ چەند ژنە بۆ پیاوێک, پێویستە گەشە بدرێت دڵسۆزانە بە بانگەوازی ڕزگاری لەچەوسانەوە و نایەکسانی و دابینکردنی ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی کرێکارو هەژار بەگشتی و گەنجانی کوڕ وکچ بەتایبەتی. لەجیاتی گوێ گرتن لەباڵۆرە لێدانی فەرهەنگی دژە ژنە و دژە ئینسانی و فرە ژنی، بانگەوازی ڕێکخراوبوونی جەماوەری ناڕازی لەبزووتنەوەی جەماوەری شورایی بۆ ڕاماڵینی دەسەڵاتی دزو چەوسێنەر لەکوردستان و دواتر دامەزراندنی ئیدارەدانی شورایی. چەند ڕوو قایمن تەنها لەخەمی چەندێتی سکێسکردنی خۆیاندان لەبەرئەوەی خاوەن پارەن, ئەمە چ جۆرە وێژدانێک بەهەزارەها کەس هەژارو کرێی خانووی پێ نەدرێت و بێکار وئاوارەبێت بەهۆی چەوسانەوە و دزی دەسەڵاتەوە بانگەوازی فرەژنی بکەیت! ئەمەیە بڵاوکردنەوەی ژەهری کوشندە! ئەوانەی بەرگری لەهەبوونی سیستەمی سەرمایەداری دەکەن بەلایانەوە گرینگ نییە کە مرۆڤەکان چۆن دەبنە قوربانی و ئازار دەدرێن. ئەبێت بپرسین کێن ئەوانەی بەرگری لەسیستەمی زاڵمانەی سەرمایەداری دەکەن؟ ئەمانە جۆراوجۆرن بە ئیسلامی سیاسی و قەومی و لیبراڵ و ناسیۆنالیست بەوانەی لەدەسەڵاتدان یان لەدەرەوەی دەسەڵاتەکانن. هەرکەسێک باوەڕی بەگەشەی جیاوازی چینایەتی و دابەشکاری مرۆڤایەتی لەسەر بنەمایی ڕەنگ و نەتەوەو دین و خێڵ و ناوچەگەری ئەوا ڕاستەوخۆ بەشێکە لە گەشەدانی چەوسانەوە و نایەکسانی و هەژاری. هەر کاتێکیش باس لەمافی مرۆڤ و ئازادیش دەکەن, تەنها بۆ جوانکردنی دیوی دەرەوەی ئەو ڕێکخراو و حیزب ئەو سیستەمە چەوسێنەرانەی دەسەڵاتدارانی چەوسێنەرە، بەڵام لەناوەڕۆکدا بەرگری کارای سیستەمی سەرمایەداری تەنها کاری بازرگانی و کۆکردنەوەی پارە ئامانجیانە کە هەبوونی ماف و ئازادییەکان قەدەغەبکەن، لەبەرئەوەی بەقەدەغەکردنی ئازادییەکان باشتر دەتوانن ئامانجە تایبەتی وەک سێکس و پارەی زۆر بۆ خۆیان بە زۆرەملێ کۆبکەنەوە. هەموو دەسەڵاتە سەرمایەدارەکانیش لەناوەڕۆکدا لەیەک دەچن تەنها لەبانگەشەی شێوازی ڕیکلامیان بۆمانەوەیان جیاوازییان هەیە. کەوایە چارەسەر تێکۆشانی یەکگرتووانەیە بۆ نەمانی سیستەمی سەرمایەداری لەهەرشوێنێک دەسەڵاتداربێت بەناوی دینی وقەومییەوە. ئەوەی ئێستا مەلا و بانگخوازانی ئیسلامی و حیزبە ئیسلامییەکان کاری لەسەر دەکەن ڕاستەوخۆ بەرگریکردنە لەسیستەمی سەرمایەداری و دەسەڵاتی باڵادەستی چەوسێنەرو گەندەڵی کوردستان. ئەوەی ئیسلامییەکان بەئەرکی خۆیانی دەزان وبانگەوازی بۆ دەکەن ئەوەیە کە لەبەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی چەوسێنەردایە بەردەوامیش بەهاوکاری دەوڵەتانی ناوچەکە و دەسەڵاتداری کوردستان لەناوەڕۆکدا لەبەرەی دەسەڵاتن ئەگەرچی لەشێوازی ڕاگەیاندن جیاواز دەردەکەون. ئەوپەڕی کۆنەپەرستانەو دژە ئینسانییە کە مەلایەک زیاتر لەخەمی سێکس و چەندێتی سێکس کردنی خۆی دابێت بەڵام هەرگیز ویژدانی نەجووڵێت لەئاست منالێکی برسی و مرۆڤێکی بێکارو هەژار و زەحمەتکێشدا. ئەو هاتوو هاوارەی ئیسلامییەکان بۆ بانگەشەی سێ، چوار ژنە بۆ پیاوێک نیشانەی ئیفلاسی سیاسی و پەروەردەییانە، ئەمانە دەیانەوێت لەژێر بانگەشەی سێکسی دا ئارایشت و گەشە بە سیاسەت و بیروباوەڕی دژەئینسانی وکۆنەپەرستانەیان بدەن، بەڵام هەرگیز ناتوانن جارێکی تر گەشە بکەنەوە و ببنەوە هێزی کاریگەر لەکۆمەڵگەی کوردستاندا لەبەرئەوەی خودی گەشەی ڕابردوویان بەهاوکاری ماددی و مەعنەوی دەوڵەتی فاشیزمی ئیسلامی ئێران و تورکیا و سعودیە و دەوڵەتانی تری کۆنەپارێز و دژە ئینسانی بووە. بەئامانجی هێنانەدی ئامانجە کۆنەپەرستەکانی خۆیان. زیاتر لەچەندە ساڵە ئەمانە پارە لەوڵاتان وەردەگرن و دواتریش بەناوی بانگەوازی دینی یەوە و سواری شەپۆلی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک دەبن و لەهەڵبژادنەکانی کوردستان بەشداری دەکەن و بەهاوکاری لایەنی دەسەڵات و دەوڵەتانی ناوچەکە لەناو حکومەت بەشداری دەکەن. ئەمانە لەگەشەکردن وەستاون و چونکە گەنیوون ناتوانن خۆیان نوێ بکەنەوە. ئاسۆ و خۆری ئیسلامییەکان بەهەموو باڵە بەناو جیاوازییەکان بەرەو کۆتایی دەڕوات لەئێستاوە زەنگی هەرسی ئەمانە لێدراوە، خۆشیان زۆر باش دەزانن بەڕوخانی فاشیزمی ئیسلامی ئێران خەڵک شرۆشیتاڵی ئەمانەش دەپێچێتەوە. هەرگیز باڵۆرەلێدان بۆ فرەژنی ناتوانێت بەر بەهەرس و ڕووخانی فاشیزمی ئیسلامی ئێران بگرێت و مەلاکان و ئیسلامییەکان پەلەقاژەی هەرەس هێنانی فکرو دەسەڵاتیان دەکەن لەوەش دڵنییان کە بە ڕوخانی فاشیزمی ئیسلامی ئاخوندی ئێران، جارێکی تر گەنجان چاوەڕوانی پێشنیارو ڕاسپاردەکانی ئیسلامییەکان ناکەن، لەبەرئەوەی گەنجان زۆر وشیارن دەزانن ئەو مەلاوئیسلامییانە زیاتر لەخەمی هێنانی چەند ژنەی خۆیانن نەک دابینکردنی ژیانێکی ئارام و ئاسوودە بۆ گەنجان. ئەمانە چ کاتێک لەسەر هۆکاری بێکاری وئاوارەیی و زیندانیکردنی گەنجان هاوشێوەی بانگەوازو باڵۆرەلێدانی چەند ژنە بۆ پیاوێک گرینگیان داوە بە چارەسەری کێشەکانی گەنجان ولاوانی کوردستان. ئەمانە ئایین وەک کاڵایەکی بازرگانی بۆ پارە کۆکردنەوە و بەرژەوەندی زیاتر سێکسکردنی خۆیان بەکار دەهێنن. لەئێستای پڕ قەیران و کێشەکانی بێکاری و هەژاری و بێ خزمەتگوزاری تەندروستی و پەروەردە و ڕێگاکان و چەندەها کێشەی نەبوونی کارەبا و ئاو و سووتەمەنی و چەندەهایی تر، بەڵام هەرگیز ناکرێت و دژە ئینسانییە گەشە بە هەبوونی یاسایی فرەژنی بدرێت لەکاتێکدا گەنجان لەبەر بێکاری و سەرکوت وچەوسانەوە ئاوارە دەکرێن و ناتوانن هاوسەرگیری ئەنجام بدەن.

چارەسەر ئەوەیە: گەنجان ولاوانی کوردستان و خەڵکی پێشکەوتنخوازو ئازادیخواز ڕێگە نەدەنە فەرهەنگ و سوونەتە دژە ئینسانییەی ئیسلامییەکان گەشە بکات کە هەبوونی یاسایی فرە ژنی یە، ئەرکی هەموولایەکە لەدژی بوەستنەوە بەجۆرێک کە بەتەواوی ئەم جۆرە ڕەوتە دژە ژن و دژە ئینسانییانە بخاتە زبڵدانی ژیانەوە. ئەبێت لەجیاتی ئەو جۆرەیاسا دژە ئینسانییانە یاسایی پێشکەتنخوازی و سیکۆلار کە هەموو جۆرە کار ئاسانێک بۆ گەنجان بکرێت بۆ پێکهێنانی هاوسەرگیری وەک دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ

**دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی شەرعیەتی مانەوەی نەماوەو نابێ پەیوەندی وڵاتانی دنیا لەگەڵی بەردەوام بێت و دەبێ سەفارەتخانەکانی لە دنیای دەرەوە بە هۆکاری سەرکوت و کوشتن و سەرکوتی خوێناوی جەماوەری دابخرێن و سەرانیان بەتاوانی سەرکوت و کوشت و کوشتار بدرێتە دادگا...**

# تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ڕاپەڕینی ئێران

**ئەم ڕاپەڕین و هەستانە جەماوەرییە، کە درێژکراوەی ڕاپەرین و هەستانە جەماوەرییەکانی پێشوترە، خاوەنی چەند تایبەتمەندیەکی دیاریکراوە کە گەیاندویەتی بە ئێستا و جێگا ئومێدی بەرینی دنیا. سەراسەری بوونی هەستان و ڕاپەرینە جەماوەرییەکە بەجۆرێکە کە هەموو شارو شارۆچکەو تەنانەت بەشێکی زۆر لە دێهاتەکانییشی گرتۆتەوە. هەروەها سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە شۆرشگێرەکان تیایدا بەشدارن، کرێکاران، مامۆستایان، ژنان، لاوان، خوێندکاران، خانەنشینان...تاد. هەروەها بوونی هاوئاهەنگی لە نیوان بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و بەشەکانیدا، باڵادەستی دروشم و داخوازی سەراسەری و ڕادیکاڵ و پێشکەتنخوازانە و کەم ڕەنگی و لاوازی ناسنامە مەحەلی و ناسیونالیستی و میللیەکان. درێژەکێشانی ڕاپەرین و بەردەوامیەکەی کە لە مانگ و نیوێك نزیك دەبێتەوە. لاوازی ڕۆڵ و نەخشی ئەمریکاو غەرب و هیزەکانی دژە شۆرش... ئەمانە بەشێك لە تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی هەستان و ڕاپەڕێنی ئەمجارەی جەماوەری بێبەشی ئیرانن...**



# بنار مستەفا: پێش ئەوەی دەسەڵات هەڵوەشاندنەوەی "پۆلیسی مۆراڵ" ڕاگەیەنێت، ژنان بە کردەوە ئەو یاسایانەیان خستە ژێر پێیان و پۆلیسی مۆڕاڵیان بێ ئیرادە کرد...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ بنار مستەفا ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، سەبارەت بە هەستان و ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و ئایندەکەی...

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕوانە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و ڕیشەی ئەم خرۆشان و ڕاپەرینە لە چیدایە؟**

**بنار مستەفا:** ڕاپەڕینی خەڵکی لە ئێران بەڕاستی کەم وێنەیە. ڕادیکاڵ بە مانای وشە، فراوان و هەمەلایەن و سەرتاسەری، کە زیاتر لە سێ مانگە درێژەی هەیە و بەردەوام پێشڕەوی دەکات. چین و توێژە جیاوازەکان بە قودرەتێکی پتەو و باوەڕبوون بەخۆوە هاتوونەتە مەیدان و دەستیان بردوە بۆ کۆتاییهێنان بە یەکێک لە کۆنەپەرستترین و دڕندەترین دەسەڵاتی ئەمڕۆ و مێژووی جیهان. خەڵکی لەم ڕاپەڕینەدا کەمتر کۆتاییهێنان بە کۆماری ئیسلامی ڕازی نین و تەنانەت لە دروشمەکانیاندا ئەوەشیان خستۆتە ڕوو، کە لە دەسەڵاتی سەرکوتکەری لە شکڵی شایان ناوێت و ئازادی و یەکسانیان دەوێت.

ڕیشەی ئەم خرۆشانە لە یەک ڕستەدا لەوەدایە، کە خەڵکی بە هیچ شێوەیەک و بە هیچ نرخێک ئەم دەسەڵاتەیان ناوێت. لە چوار دەیەی ڕابردوودا خەڵکی لە ئێران لە سایەی کۆماری ئیسلامیدا لە دۆخێکی زۆر خراپدا ژیانیان کردووە. لە لایەک برسێتی، نەبوونی، هەژاری، بێکاری، لە لایەکی ترەوە نەبوونی ئازادی، بێ مافی، سەرکوت، سانسۆر و زیندانیکردن و تەنانەت لە سێدارەدانی ئەو دەنگانەی لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە بە "مەترسیدار" لە قەڵەم دەدران. ئێران یەکێکە لە وڵاتەکانی جیهان، کە خەڵکی لە سێدارە داوە لەسەر ئەوەی ئاتایست بووە. هەروەها لە ئێران دەسەڵات تەنانەت دیاری دەکات، کە خەڵکی مافیان هەیە چی بخۆن و بخۆنەوە و چی سزای لەسەرە. ئەمانە و کۆمەڵێک دیاردەی تر، کە هەموو ئاماژەی بەرجەستەن بەوەی، کە ئەم دەسەڵاتە هیچ پەیوەندییەکی بە خەڵکییەوە نییە و بەرانبەر یەک وەستاون. خەڵکی ئەم دەسەڵاتەی ناوێت و هەر دەرفەتێک بێتە پێشەوە، کۆتایی پێ دەهێنن. لە چل ساڵی ڕابردوودا بە چەندین شێوەی جیاواز و کاتی جیاواز ئەم هەوڵە هەبووە، بەداخەوە بە ئەنجام نەگەشت.

**بۆپێشەوە: یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ڕاپەرینی ئیستای خەڵکی ئێران، بەشداری بەرجەستەی ژنان و لاوانە، هۆکاری ئەم تایبەتمەندییە چییە؟**

**بنار مستەفا:** لە ئێران ژنان ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و نایەکسانییەکی یەکجار فراوان بوون لە سایەی جمهوری ئیسلامیدا. حیجابی زۆرەملێ نمونەیەکی سادەیە، کە چۆن تەنانەت ئازادی جلوبەرگ پۆشین لە ژنان زەوت کراوە. لاوان بێبەشترین بەشی کۆمەڵگای ئێرانن، کە زۆرینەی ئاوات و خواستەکانیان دوورەدەستن و زۆرێکیان هەر پێی ناگەن. بەشێکی بەرچاو لە لاوان وێڕای خوێندن و بڕوانامەی بەرزیان، بێکارن و بژێوی خێزان کەوتۆتە ئەستۆیان. ژنان و لاوان بەو ڕاستییە گەیشتوون، گەر خۆیان بەشدار نەبن و ڕۆڵی کاریگەر و بەرجەستە نەبینن، فریادڕەس لە ئارادا نییە و ڕاپەڕین لە پێناو ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی مانایەک پەیدا ناکات. بۆ ئەوەی خێراتر و دڵنیاتر ئەم دەسەڵاتە کۆتایی بێت، ئەوا نەخشی هەموو چین و توێژێکی دەوێت. ئەمە بە کردوە ئەزموون کراوە و ژنان و لاوان درکی پێ دەکەن. ئەوەشمان لە یاد بێت، ئێران ئەزموونی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی هەیە و نمونەیەکە بۆ چین و توێژەکان، کە توانای ئاڵوگۆڕ لە خوارەوە مەیسەرە.

**بۆپێشەوە: ئەم ڕاپەرین و خرۆشانە جەماوەرییە، کۆتایی بەدەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی دەهێنێت، یان نا و هیشتا هاوسەنگی هیز بەو ئاستە نەگەیشتووە، کە دەسەڵات بروخێنێ؟**

**بنار مستەفا:** ئاراستەی ڕووداوەکان ئەوە نیشان دەدەن، کە پێ دەچێت بۆ جمهوری ئیسلامی سەخت بێت درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات. هەرچەندە هیشتا هاوسەنگی هێز تەواو بەو ئاستە نەگەیشتووە، کە جمهوری ئیسلامی بڕوخێت، بەڵام بەردەوامبوونی جەماوەری خرۆشاو و نەمانی ترسیان لە دەسەڵات، و لە لایەکی ترەوە سازشەکانی جمهوری ئیسلامی، دەتوانن ئەوە نیشان بدەن، کە کۆتاییهێنان بە دەسەڵات ئەگەرێکی گەورەیە، گەورەتر لە دەسەڵات مانەوەی.

بەڵام دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکان هەمیشە لە بەرگری سەرسەختانەدا دەبن بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەیان و سڵ لە هیچ جۆرە توندوتیژییەک ناکەنەوە. هەروەها دەتوانن چەندین کارتی جۆراوجۆر بەکاربهێنن. ڕەنگە لە ڕێگەی سازشەوە، شل کردنەوەی هەندێک یاساوە یان هەوڵدان لەگەڵ هەندێک لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی بە ئەنجام بگەن و هەوڵ بدەن لەو ڕێگایەوە خرۆشانەکە کپ بکەنەوە. هەموو ئەو هەوڵانە، ئەگەرچی لاوازن و نیشانەی پەلەقاژە و تەنها مانەوەی دەسەڵاتە، بەڵام دەبێت بە جددی وەربگیرێت. بەڵام جەماوەری خرۆشاو نیشانیانداوە، کە دەتوانن جمهوری ئیسلامی بڕوخێنن و بەردەوام لەو ئامانجە نزیکتر دەبنەوە.

> **خەڵکی لەم ڕاپەڕینەدا کەمتر لە کۆتاییهێنان بە کۆماری ئیسلامی ڕازی نین و تەنانەت لە دروشمەکانیاندا ئەوەشیان خستۆتە ڕوو، کە دەسەڵاتی سەرکوتکەری لە شکڵی شایان ناوێت و ئازادی و یەکسانیان دەوێت ...**

**بۆپێشەوە: بەم دوایانە ڕژێمی ئێران، دەستی داوەتە سەرکوت و کوشتاریکی بێ وێنە، لەدژی خۆپیشاندەران و هەڵسوڕاوانی ئایا زەبروزەنگ و سەرکوت، دەتوانێت پاشەکشە بەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەیە بکات؟**

بنار مستەفا: بە کردەوە بینراوە، کە سەرکوت نەیتوانیوە پاشەکشە بەم خرۆشانە شۆڕشگێڕانەیە بکات. دیارە تەواو بێ کاریگەریش نابێت. دەکرێت ترس بخاتە دڵی کەسانی نزیکی قوربانیانەوە یان بێ ئومێدی بەسەر بەشێکیاندا زاڵ بکات. بەڵام ئەوەی لە هەواڵەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەیبینین، سەرکوت فریاری جمهوری ئیسلامی نەکەوتووە و پاشەکشەی بە خرۆشانەکە نەکردووە. تەنانەت چەند گرتە ڤیدیۆیەک ئاماژە بەوە دەکەن، کە کەسوکاری قوربانیانی سەرکوت دڵنیایی لەسەر بەردەوام بوون دەدەن. شایەنی ئاماژەشە، کە ئەم خرۆشانە هێندە فراوان و سەرتاسەرییە، پێناچێت دەسەڵات توانای سەرکوتی تەواوی هەبێت لە یەک کاتدا، چونکە هێزی خەڵکی چەندین بەرانبەر زیاترە و خوازیاری ئاڵوگۆڕە.

**بۆپێشەوە: بەرەی کۆنەپەرستی و بەتایبەتی ئیسلامی سیاسی هەراسانی ڕاپەڕین و شۆڕشی جەماوەری ئێرانن، ئەمە بۆچی دەگەڕیتەوە؟ ڕاپەرین و شۆڕش لە ئیران، چ کاریگەرییەکی لەسەر ئیسلامیەکان دەبێت؟**

**بنار مستەفا:** جمهوری ئیسلامی بۆ بەرەی کۆنەپەرستی و ئیسلامییەکان دیوارێکی پتەو و قایمە، کە پاڵیان پێدا داوەتەوە. گومانی تێدا نییە، ڕوخانی دیوارێک لە پشتیاندا، مەترسی کەوتن و دارمانیان نەک زیاد دەکات، بەڵکو دەباتە ئاستێکی لوتکە. وەک دەبینین ڕوخانی جمهوری ئیسلامی ئەگەرێکی گەورەیە، تەنها نارەزایەتی دەربڕینێک نییە، کە مەترسی کۆتاییهێنانی نەبێت. هەر بۆیە بەرەی کۆنەپەرستی هەراسانن، چونکە مەترسی ڕوخاندنی درک پێ دەکەن، کە بە ئایندەی خۆشیانەوە گرێدراوە.

هەر چۆن بەرەی ئازادیخواز و پێشکەوتووخواز ئاگادارە، چەندە خرۆشانێکی رادیکاڵ و سیکولارە و جێگەی ئومێدیانە، ئەوانیش بە هەمان شێوە ئاگادارن، بەڵام بۆ ئەوان مەترسییە. هاتنە سەرکاری جمهوری ئیسلامی کاریگەری زۆر بوو لەسەر بڵاوبووەنوەی ڕەوتە ئیسلامییەکان لە جیهان بە گشتی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی. ئەگەر ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە لایەن ئێرانەوە کۆمەکیش نەکرابێتن، بوونی جمهوری ئیسلامی بۆیان پەناگایەکی گرنگیان بووە.

> **جمهوری ئیسلامی بۆ بەرەی کۆنەپەرستی و ئیسلامییەکان دیوارێکی پتەو و قایمە، کە پاڵیان پێدا داوەتەوە. گومانی تێدا نییە، ڕوخانی دیوارێك لە پشتیاندا، مەترسی کەوتن و دارمانیان نەك زیاد دەکات، بەڵکو دەباتە ئاستێکی لوتکە. وەك دەبینین ڕوخانی جمهوری ئیسلامی ئەگەرێکی گەورەیە ...**

ڕوخانی ئەم دەسەڵاتە بە هەمان ئەندازە کاریگەری پێچەوانەی دەبێت. واتە ئیسلامییەکان و بەرەی کۆنەپەرستی ڕووبەڕووی پاشەکشەی فراوان دەبن و شەپۆلێکی پێشکەوتنخوازی لە ناوچەکە شکڵ دەگرێت، کە جێگە بە کۆنەپەرستان لەق دەکات.

**بۆپێشەوە: لاتان وایە کۆسپەکانی بەردەم ڕاپەرینی خەڵکی ئێران کامانەن و چۆن دەکرێت وەلابنرێن؟**

**بنار مستەفا:** هەڵبەت ئەم خرۆشانە جەماوەرییە وێڕای عەزەمەتی، بەڵام بێ کەموکورتی نییە و...

بۆ لاپەڕە 15



# کامەران ئەحمەد : ئێستا ئاڵوگۆڕی سیاسی و سەرنگونکردنی ڕژێمی مەلاکان بووەتە خواستی سەرەکی لە گشت ناڕەزایەتییەکان

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ کامەران ئەحمەد، ڕەخنەگر و چالاکوانی سیاسی سەبارەت بە" راپەریێی خەڵکی ئێران و ئایندەی ئەم خرۆشان و ڕاپەرینە"...

**بۆپێشەوە: زیاتر لەچەند هەفتەیە، جەماوەری ئازادیخواز لە کوردستان و ئێران، دەستیان داوەتە ڕاپەڕین و خرۆشانێکی جەماوەری بەدژی دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی، هۆکار و ریشەی ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییە لە چیدایە؟**

**کامەران ئەحمەد:** بە درێژایی زیاد لە ٤٣ ساڵ لە حوکمی مەلاکان، خەڵکی ئەو وڵاتە دووچاری ئەوپەڕی سەرکوتی سیاسی، بارودۆخی ئابوری نەخوازراو، و قەیران دوای قەیران بوونەتەوە. ڕەوت و کوتلە جیاوازەکانی باڵی بۆرژوازی دەسەڵاتدار بە توندڕەوو خۆ بەڕیفۆرمخۆاز دێن و ئەچن، و بەڵینە ڕەنگاوڕەنگەکان سەبارەت بە چاکسازیی و دابینکردنی ژیانێکی شکۆمەندانە بە هاوڵاتیان هەر بە درۆ دەرئەچنەوە. لە کرداردا، هەڵاوسانی ئاسمانی و پەرەسەندنی هەژاری لە نێو چینی کرێکار و گەنجان، چاندنی دابەشبوونی کۆنەپەرستانە لەسەر بنەمای ڕەگەزپەرستی و چەوساندنەوەی ژنان، جیاوازی نێوان بەڵێنەکانی هەڵبژاردن و کردار، مەیل و ڕەوتێکی گشتی بێزاری و تورەیی لە کۆمەڵگە بەرامبەر بە حکومەت، دەسەڵات و دەزگاو دامەزراوەکانی دروست کردووە.

بەپێی ئامارە فەرمییەکان، هەڵئاوسان لە مانگی مەی لە ڕێژەی ٣٩%ەوە بۆ ٥٤% لە نۆڤەمبەر ڕووی لە هەڵکشان کردووە، هەر لەدوای دەستبەکاربوونی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆک کۆماری ئێران لە مانگی ئابی ساڵی ڕابردووەوە، نرخەکانی خۆراک زیاتر لە سەدا سەد بەرزبوونەتەوە. لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا حکومەتەکەی دەستیکرد بە بڕینی یارمەتییەکان بە بەهای تا ١٥ ملیار دۆلار لەسەر هاوردەکردنی خۆراکی سەرەتایی و دەرمان و خۆراکی ئاژەڵان. ڕەئیسی لە پاساوهێنانەوەی بۆ بەرزکردنەوەی نرخی کالاکان داوای لە خەڵک کرد کە خۆڕاگر بن و نەترس بن!

لە پاشخانی دانوستانەکانی نێوان ئێران و زلهێزەکانی جیهان بۆ زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی ساڵی ٢٠١٥، و کردنەوەی دەروازەیەک لە فرۆشتنی نەوتی خاو بە وڵاتی چین، هێشتا نەیتوانیوە ڕێ لە داکەوتنی ڕوو لە لێژیی بەهای دراوی ئێرانی بگرێت و هەر لە مانگی جوونی ئەمساڵەوە بەهای تمەن بۆ ئەوپەڕی ئاستەکانی خۆی دابەزیوە.

گەنجان دوو لەسەر سێی ٨٥ ملیۆن دانیشتوانی ئێران، کە تەمەنیان لە خوار ٣٠ ساڵییەوەیە پێک ئەهێنن و تا ئێستا زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە. نزیکەی ٢٧%یان بێکارن و لە ناوچە کەمینە نەتەوەییەکانی وەک کوردستان یان، سیستان-بەلووچستان ئامارەکان زۆر لەوانە هەڵکشاوانەترو تۆقێنەرترن.

**سیمایەکی جیاکەرەوەی ئەم خرۆشانەی جەماوەری خەڵك هاتنە مەیدانی چین و توێژە هەرە مەحرومەکانی کۆمەڵگای ئێرانە، و هیچ پەیوەندییەکی بە کێشمەکێشی باڵ و کوتلە جیاوازەکانی نێو دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامییەوە نییە...**

ئەگەرچی حکومەت لە شاردنەوەی ڕێژەی هەژاری پێداگریی کردووە، بەڵام ئامارەکان باس لە تراژیدیای ژیانکردنی زیاد لە ٦٠% ی هاوڵاتیانی ئێرانی لە خوار هێڵی هەژارییەوە ئەکەن. و بوونی سێ تا حەوت میلیۆن منداڵی کرێکار لە ئێراندا پشتڕاست ئەکەنەوە. کاری منداڵان بە تایبەت بە دوای پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا، تا کۆمەک و هاوکاری بە خێزانەکانیان بکەن ڕووی لە هەڵکشان کردووە. منداڵانی گوڵفرۆش، دەستەسڕو بنێشت فرۆشەکان و ...هتد، شەقامەکانیان تەنیوە، جگە لەو منداڵە کرێکارانەی کە لە وەرشەی بچووک و بازرگانی نێو ماڵەکان و بیناسازیدا کارئەکەن. نزیکەی ٢٠٠ هەزاریان لە نێو شەقامەکاندا شەوو ڕۆژ ئەکەنەوە، و شوێنی پشوو و نوستنی منداڵانی بێسەرپەنا، بارهەڵگرەکان، پارک و خانووە چۆڵکراوەکانن.

هەموو ئەمانە لە کاتێکدان سەرباری سزای ئابووری ئەمریکا و کاریگەرییەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا لە قوڵترکردنەوەی قەیرانی ئابووری جیهان، بەڵام ژمارەی ملیۆنێرەکان بێئەندازە لە ئێران زیادیان کردووە. بەپێی ئامارەکانی پێگەی فۆربیس و کاپجیمینی، تەنها لە ساڵی ٢٠٢٠ دا ژمارەی سامانی پوختی تاکەکەسی ئەوانەی لە ملیۆنێک دۆلار زیاتریان هەیە، بە ڕێژەی ٢١,٦% زیادیان کردووە، کە زۆر زیاتر بووە لە تێکڕای ڕێژەی جیهانیی کە ٦,٣% بووە. بەر لە دووساڵ ڕاپۆرتەکان باس لە بوونی ٢٥٠ هەزار ملیۆنێر ئەکەن کە زۆربەیان لە تارانی پایتەخت ژیان ئەکەن، بە پلەی یەکەم لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و پلەی ١٧ لە ئاستی جیهان، واتە لە پێش سعودیەوە دێن، ئەم هەڵپەیەی مەلاکان پێئەچێت نیشاندەری ئەو ڕاستییە بن کە زۆر پەلەیانەو ناتوانن چیتر چاوەڕوانی نیعمەتەکانی ژیانی زیندووبوونەوەی داهاتوو نێو بەهەشت بکەن و ئەیانەوێ لەسەر ڕەنج و ماندووبوونی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێش لەزەتەکان لەسەر زەوی چێژ بکەن.

ڕژێمی سەرکوتگەری ئیسلامی لە ئێران لەڕووی سیاسییەوە، یەکێکە لە دەستخوێناویترین ڕژێمە دیکتاتۆریەکانی جیهان، نەبوونی ماف و ئازادی سیاسی، ڕادەربڕین، ڕۆژنامەگەریی، ڕێکخراوبوون، گردبوونەوە و خۆپیشاندان، پەلامارو هێرش بۆسەر مافی کەمە نەتەوەکانی نێو ئێران ...هتد، لەسەر ئاستی جیهان سیمای ناسێنەرەوەی دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازییە لە ئێران. تەواوی کایەکانی ژیان، بە ماف و ئازادییە تاکە کەسییەکانەوە لە ژێر چنگ و کەڵبەی خوێناویترین ڕژێمدایە، سەرانسەری چوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی، بەتەواوی دامودەزگاکانییەوە تا سەر ئێسک گەندەڵن، و خاوەنی زۆرترین ژمارەی ئیعدام و لە سێدارەدانە لە دوای وڵاتی چین

**ڕیشەکانی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکان کۆی ئەو بارودۆخە ئابووری و سیاسییە خنکێنەرەدایە کە یەخەی بە زۆربەی هاوڵاتیانی هەژارنشینی ئێرانی گرتووە، و بنبەستی ڕژێمی جمهوری ئیسلامی و تەواوی چینی سەرمایەداری لە دابینکردنی ژیانێکی شکۆمەندانە بۆ کۆمەڵگە ئەخاتە ڕوو...**

، کە پێش هەریەکە لە وڵاتەکانی وەک میسر، عێراق، سعودیە، سۆماڵ و یەمەن ئەکەوێت.

هەورەها لە پاڵ گەنجان، ژنان توێژێکی بەرین لە قوربانیانی چینی دەسەڵاتداری بۆرژوازی لە ئێرانن، هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونی حکومەتی مەلاکان لەوپەڕی کۆیلایەتی، بێمافی و ئازادییە تاکە کەسییەکانی خۆیاندا بە سەرکوت، زیندانیکردن، و لەسێدارەدان وەڵام ئەدرێنەوە. جیاکاری ڕەگەزی لە خوێندنگەو شوێنە گشتییەکان و تەواوی دامەزراوەکان، حجابی ئیجباری، نایاسایبوونی لەباربردنی منداڵ، نەبوونی مافی جیابوونەوەو سەفەرکردن بێ هاوەڵی پیاو و ... چەندانی تر بەشی ژنان بوون لە سایەی دەسەڵاتی بۆرژوازیدا. جمهوری ئیسلامی نمونەی حکومەتێکی دڕندەی بێوێنەیە لە مێژووی ناوچەکەدا و کەم نین ژمارەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە باس لە لاقەکردنی ژنانی نێو زیندانەکان تەنانەت پێش لە سێدارەدانیان ئەکەن.

لە جەرگەی بارودۆخێکی ئابووری تێکشکاو هەلومەرجێکی سیاسی خنکێنەر، چینە هەژارەکان زیاتر هەژارتر بوون، دەستێوەردان لە بچوکترین مافەکانی تاک تا ڕاددەی هەستان و دانیشتەکانی ژنان لە نێو ماڵەکان شۆڕ بوونەتەوە، هەربۆیە ناڕەزایەتی و تورەیی دژ بە بارودۆخی موجود لە بیرکردنەوەو دڵیاندا قوڵپ ئەدات، و جەماوەری خەڵک بە دوای هەر دەریچەو دەروازەیەکدا ئەگەڕێن تا بێزاری و ناڕەزایەتییەکانیان دژ بە بارودۆخی بەرگەنەگیراوی ژیان و کارکردنیان بخەنە ڕوو.

ڕیشەکانی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکان کۆی ئەو بارودۆخە ئابووری و سیاسییە خنکێنەرەدایە کە یەخەی بە زۆربەی هاوڵاتیانی هەژارنشینی ئێرانی گرتووە، و بنبەستی ڕژێمی جمهوری ئیسلامی و تەواوی چینی سەرمایەداری لە دابینکردنی ژیانێکی شکۆمەندانە بۆ کۆمەڵگە ئەخاتە ڕوو. مەهسای گەنج و دڵ پڕ لەهیوا کە لە لایەن پۆلیسی ئەخلاقی جمهوری ئیسلامیەوە بە تاوانی باش نەپۆشینی حیجاب دەستبەسەکرا و لەژێر ئەشکەنجەدا کوژرا پزیسکی کڵپەسەندنی کۆی ئەو ناڕەزایەتییانەیە دژ بە بێمافییەکانی ژنان، حجابی زۆرە ملێ، دژ بە بێکاری بەلێشاوی گەنجان، دژ بە بارودۆخی سەختی کارکردن و کەمی مووچە، و گوێنەدانی حکومەت بە ژیانی هاوڵاتیان.

**بۆپێشەوە: ئایندەی ئەم ڕاپەرینەی ئێستا چۆن دەبینن؟ لاتان وایە رژێمی ئیران دەتوانێت پاشەکشەی پێ بکات، یان بەرەو روخاندنی رژێم دەڕوات و کۆتایی بە دەسەڵاتی دەهێنێت؟**

**کامەران ئەحمەد:** ڕژێمی بۆرژوازی ئێران کاردانەوەی هیستریایانەی سەرکوتکردنی خوێناوی دژی خۆپیشاندانەکان بە ئامانجی چەقاندنی ناڕەزایەتییەکان لە جێگای خۆیان دەستپێکردووە، و سەرچاوە

**سەرباری هەوڵە شکستخواردووەکانی دەسەڵاتی بۆرژوازی بۆ دابەشکردنی ڕیزی خۆپیشاندەران، مۆرکردنی بە جوداخوازیی، و دەستی دەرەکی، بەڵام شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان لەسەر کوشتنی دڕندانەی مەهسا زیاد لە هەشتا شارو شارۆچکەی تێپەڕاندووە...**

نافەرمییەکان ژمارەی کوژراوانیان بە نزیک لە ٥٠٠ کەس ڕاگەیاندووە، کە چەندین منداڵیان لە نێودایە. هێزە ئەمنییەکان بە فیشەک هێرشیان کردووەتە سەر خۆپیشاندەرانی بێ چەک و گازی فرمێسکرێژ و قومبەلەی دەنگییان لە پرسە و شەقام و زانکۆ و قوتابخانە ئامادەییەکاندا بەکارهێناوە.

سەرباری هەوڵە شکستخواردووەکانی دەسەڵاتی بۆرژوازی بۆ دابەشکردنی ڕیزی خۆپیشاندەران، مۆرکردنی بە جووداخوازیی، و دەستی دەرەکی، بەڵام شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان لەسەر کوشتنی دڕندانەی مەهسا زیاد لە هەشتا شارو شارۆچکەی تێپەڕاندووە، بەهۆی دەستدرێژیکردنە سەر کچێکی هەرزەکاری پانزە سالانە لەلایەن ئەفسەرێکی پۆلیسەوە خۆپیشاندان لە پارێزگای سیستان-بەلوچستان لە نزیک سنووری ئەفغانستان و پاکستان ڕوویداوە و، دووچاری سەرکوت کردنێکی بێوێنە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بوونەتەوە و دەیان خۆپیشاندەر کوژراون.

بەڵام سەرباری ترس و تۆقاندن، سەرکوت و زیندانیکردن، بزووتنەوەکە تا ئێستا زیاد لە دوو مانگ و نیوە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش خۆڕاگری خۆی سەلماندووە، لە ڕاستیدا بە لەبەرچاوگرتنی نەبوونی تا ڕاددەیەک ڕێکخستنێکی هاوئاهەنگانەی مانگرتنەکان، و ڕابەرایەتی ڕێکخراوەیی، کەم ئەزموونی گەنجان و ئامرازێکی کارامەی پەیوەندگرتنی بەردەوام بە جیهانی دەرەوە، بەردەوامی خۆپیشاندانەکان و تەنینەوەی زیاتریان بۆ هەموو کونجێکی وڵاتەکە، بەڵگەیە لەسەر بەهێزیی بزووتنەوەکە. هیچ گومانی تێدا نییە کە لەگەڵ پەلهاویشتنی بۆ نێو کرێکارانی پیشەسازیی لە توانایدایە ئالنگارییەکانی ژێرەوژووورکردنی حوکمی مەلاکان سەرخاتە قۆناغێکی تر. سیمایەکی جیاکەرەوەی ئەم خرۆشانەی جەماوەری خەڵک هاتنە مەیدانی چین و توێژە هەرە مەحرومەکانی کۆمەڵگای ئێرانە، و هیچ پەیوەندییەکی بە کێشمەکێشی باڵ و کوتلە جیاوازەکانی نێو دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامییەوە نییە.

لەگەڵ توندبوونەوەی سەرکوتگەرییەکانی چینی دەسەڵاتدار، لەسەرەتادا کەسایەتییە پێشەنگەکانیان داوای دادگاییکردنی بەکۆمەڵ و سزای توندیان بەسەر خۆپیشاندەران لەنێویاندا سەپاندنی سزای لەسێدارەدان کردووە. بەڵام لەگەڵیدا کاردانەوەی جەماوەری چەوساوەو داخوازییەکانیان بۆ ئاستێکی باڵاتر هەنگاویان ناوە، هەرئێستا ئاڵوگۆڕی سیاسی و سەرنگونکردنی ڕژێمی مەلاکان بووەتە خواستی سەرەکی لە گشت ناڕەزایەتییەکان. خۆپیشاندەران داوای ڕووخانی دامەزراوەی دەسەڵاتدارێتی و هەڵپێچانی حوکمی مەلاکان ئەکەن. سەرکوتکردنی بێبەزەییانەی دەوڵەت لە ناڕەزایەتییەکان مەحکومە بە شکست، زۆر لەمەوبەر ترۆتسکی ڕوونی کردووەتەوە کە تەنیا بە سەرکوتکردن ئەستەمە جەماوەر لە ژێردەستەییدا بهێڵیتەوە. پۆلیس و سوپا کۆڵەکەیەکی داچەماوانە و لاوازن بۆ ئەوەی ملیۆنەها خەڵک بۆ مێژوویەکی درێژ لە کۆیلایەتیدا ڕابگرن. ئەزموونی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی وەک حوسنی موبارەک، زین بن عابدین، قەزافی لەم ڕووەوە وانەیەکی زۆر زیندوومان بیر دێننەوە.

**لە پەنا دروشمەکانی "ژن، ژیان، ئازادی"، " "زیندان جێگای خوێندکاران نییە" لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" لە گشت ناڕەزایەتییەکاندا دلێرانە ئەوترێنەوە...**

لە پەنا دروشمەکانی "ژن، ژیان، ئازادی"، " "زیندان جێگای خوێندکاران نییە" لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" لە گشت ناڕەزایەتییەکاندا دلێرانە ئەوترێنەوە، شەو نییە بنکەو بارەگایەکی هێزەکانی سوپای پاسداران، بەسیج، و پۆلیس نەکەوتە بەر گڕی تورەیی جەماوەر و نەسوتێنرێن.

باڵەکانی ناو ڕژێم تادێت زیاتر نیگەرانتر ئەبن بەرامبەر بەرفراوانبوونەوەی مەودای بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و سیمای بەردەوامی ڕق و تورەیی بزووتنەوەکە. بە وتەی پەرلەمانتارێکی ئێران، سوپای توندڕەوی دەوڵەتیی بەسیج کە ڕۆڵی پێشەنگ لە سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکاندا ئەگێڕێت، پێی وایە وڵات لە مەترسیدایە!، دانی بەوەدا ناوە کە منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی بۆ هاوکاریکردنیان لەسەرکوتکردنەکاندا دامەزرێنراون. لە ژێر فشاری بەردەوامیی بزووتنەوەکەدا ژمارەیەکیان داوای گوێگرتنیان لە خواستەکانی خەڵک کردووە.

بزووتنەوەکە سەرباری ئەوەی لە هاوسۆزییەکی بەربڵاوی جیهانیی، و هاوپشتییەکی نێونەتەوەیی جێ دڵخۆش بەهرەمەندە، بەڵام جگە لە مانگرتنێکی کورتی مامۆستایان و کرێکارانی نەوت و شەکر، ئۆتومبیل لە کەرەج و قەزوین، کرێکارانی میتاڵ لە ئەسفەهان، بۆ داخوازییەکانی باشترکردنی هەلومەرجی کارکردنیان و پشتیوانی لە دەستهەڵگرتنی سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکان، لەچەند هەفتەی ڕابروودا نەبێت، هێشتا پشتیوانییەکی کەمی چالاکانەی بەربڵاویی کرێکاران لە کەرتە جیاوازەکان بۆ خۆی ڕاکێشاوە، هەر ئەمەشە وایکردووە لە پاڵ نەبوونی ڕێکخستن و ئەجێندای سیاسی ڕۆشن ڕووبەڕووی سەرکوتی خوێناوییانە ببنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە ئەم ناڕەزایەتیانە بەبێ گوێدانە دەرئەنجامە دەستبەجێکانی، لاپەڕەیەکی نوێی خەباتی چینایەتییان لە ئێران و کاریگەرێتییان لە ئاستی ناوچەییدا کردووەتەوە.

**بۆپێشەوە: ڕۆڵی چینی کرێکار لەم ڕاپەرینەدا چۆن دەبینن و چ ئەرکێک لەسەر شانی چینی کرێکارە؟**

**کامەران ئەحمەد:** ئەوەی بۆ کرێکارانی ئێران پێویست و گرنگە یەکخستنی ڕیزی خەباتیانە لە پێناو باشترکردنی ژیان و گوزەرانیان، بەگەڕخستنی مانگرتنی گشتی و سەرتاسەریی، کۆتاییهێنان بە ناڕێکخراوەیی و پەرتەوازەیی، هەنگاونان بەرەو لێکهەڵپێکرانی ناڕەزایەتییەکان لە ئاستی سەرتاسەریدا بەرامبەر بە قووڵبوونەوەی قەیرانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی. هاتنە ناوەوەی چینی کرێکار بۆ نێو گۆڕەپانەکە، بە مانگرتنە گشتییەکانەوە، هەموو شتێک ئەگۆڕی و دەسەڵات ئەهێنێتە سەر چۆک.

جگە لەوەش بزووتنەوەکە پێویستی بە بەرنامەیەکی ڕوون و ئاشکرا هەیە کە داواکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بەیان بکات سەرنجی هەموو چینە چەوساوەکان بەرەو خۆی کێش بکات. دژایەتی دەستێوەردانی هێزە ئیمپریالیزمیستەکان بکات و ئاماژە بە ڕێگایەکی ڕوونی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات و پێکەوە ژیانی دیموکراسییانەی گەلانی ئێران بکات.

لەم نێوەدا ئەرکی بەپەلە خەباتکردنە بۆ سەربەخۆیی سیاسی چینی کرێکار لە هەموو کوتلەو باڵەکانی بۆرژوازی، و هێزە قەومییەکان، و باڵی ئەڵتەرناتیڤی پادشایەتی پەهلەوی کە لە لایەن ڕۆژئاواو هێزە ئیمپریالیستەکان، و وڵاتی سعودیەوە دەهۆڵی بۆ ئەکوترێ.

زلهێزە ئیمپریالیستەکان، واوەتر لە فشارێکی کورتماوە بۆسەر چینی دەسەڵاتدار لە ئێران تا ئەجێندای خۆیان بسەپێنن، هیچ خۆشییەکیان بە ڕاپەڕین و خرۆشانی جەماوەری خەڵک و چینی کرێکار نایەت، بەرژەوەندییان گرێدراوی بەرژەوەندی ئەو سەرمایەدارانەیە کە نوێنەرایەتییان ئەکەن، و ئەوەی مەبەستیانە تەنها ئاڵوگۆڕێکی شکلّی لە نوخبەی چینی دەسەڵاتدارادیە، ماوەیەکی زۆرە لە ڕیزەکانی کوتلەکانی دەسەڵاتدا بە دوای ئەڵتەرناتیڤی خۆیان و چاندنی گەراکانی دژە شۆڕشن لەنێو هێزەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا. بایدن لە میتینگێکدا لە کالیفۆرنیا بەڵێنیدا "ئێران ئازاد بکات". ئەبێت هەر جۆرە متمانەیەک لە بانگەوازکردنی نوێنەرانی سیاسی و دامەزراوەکانیی هێزە ئیمپریالیستییەکان لە پێناو پاراستنی "دیموکراسی" و "مافی مرۆڤ" بەدرۆ بخرێنەوە، ئێران لەهەر جۆرە دەستتێوەردانێکی هێزە ئیمپریالیستییەکان بەدوور بخرێت، چارەنووسی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا چۆن بە بیانووی جۆراوجۆرەوە بوونەتە قوربانی شەڕە ئیمپریالیستییەکان لای هەمووان ڕوونە. هەر ڕژێمێک بە هاوکاری و پشتگیری ئیمپریالیزم بێتە سەر دەسەڵات بە مانای چارەسەکردنی کێشە کۆمەلایەتی و ئابوری‌یەکانی خەڵک و چینی کرێکار ناگەیەنێت، بەڵکو زیاتر قوڵکردنەوەیانن، کوردستان و عێراق نمونەیەکی بەرجەستەی ئەم ڕاستییەن.

پێویستە جەماوەری خەڵک لە ئەجێندای هێزە قەومییەکان وریا و ئاگادار بکرێنەوە، ئەو هێزانەی کە لە باشترین حاڵەتەکانی خۆیاندا گاڵتەجاڕیی سندوقەکانی هەڵبژاردن و دیموکراسی پەرلەمانیی و گۆڕینی دەموچاوەکان هەر ماوە جارێک بە دیاری بۆ خەڵک دێنن.

ئەوەی لەسەرووی هەموو شتێکەوە پێویستە، کرێکاران لەسەر بنەمای دیدگای شۆڕشی سۆسیالیستیی خەباتی خۆیان بەرێ بخەن و درێژە پێبدەن. تەنیا لە ڕێگەی خەبات بۆ دەسەڵاتی کرێکاران و سۆسیالیزمەوە ئایندەی کێشە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، ڕزگاری و ئازادبوونی یەکجاریی ژنان، و چارەسەری مەسەلەی میللی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران، وەڵامی شایستەو شیاوی خۆیان وەرئەگرنەوە.

**بۆپێشەوە:** سەرەکیترین ئەو

**ئاستەنگانە کامانەن لە بەردەم ڕاپەڕینی خەڵکی ئێراندا؟**

**کامەران ئەحمەد:** تا ٢٥ ی نۆڤەمبەر ئامارەکان باس لە دەستگیرکردنی زیاد لە ١٨ هەزار خۆپیشاندەر کە لە نێویاندا ٥٦٥ خوێندکار هەن ئەکەن، لەگەڵ کوژرانی نزیک بە ٥٠٠ کەس لە خۆپیشاندەران. لە بەرامبەر خرۆشان و نارەزایەتی جەماوەری خەڵک، تابلۆیەکی ترسناکمان لە بێوێنەیی توندوتیژییەکانی دەزگا پۆلیسییەکانی دەوڵەت چاو لێیە. یەکێکە لە توندوتیژترین سەرکوتکردنەکانی ڕژێم لە دوای خۆپیشاندانەکانی ٢٠١٩ەوە. ژمارەیەکی زۆر لە توخمە چالاکەکان دەستبەسەر و دەستگیرکراون، ئەم ترسەی سەرکوتی درندانەی خەڵک ئاستەنگی زۆری دروستکردووە. بەشێکی بەرچاو لە نارەزایەتییەکان لە ئێوارانێکی درەنگ یان شەوان بەڕێوە ئەچن.

ڕژێمی تاران هاوشێوەی بەهانەی لێدان لە نارەزایەتییەکانی پێشتر، چەندین جار ئەمریکا و ئیسرائیلی بە ڕێکخستنیان تۆمەتبار کردووە و دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕۆژئاوای بە هاندانی توندوتیژی و پەرەپێدانی گرژییە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، و هاوکاریکردنی هێزو حزبە کوردییەکان تۆمەتبار کردووە. چەند هەفتەی لەمەوبەر، هەردوو ژنە ڕۆژنامەنووسی ئێرانی کە مەرگی مەهسایان بڵاوکردەوە، بەوە تۆمەتبار کران کە سیخوڕی بیانین لەلایەن ئەمریکاوە ڕاهێنراون بۆ دروستکردنی ئاژاوەگێڕی. هەروەها ئێران سعوودیەی تۆمەتبار کردووە بەوەی کە لە ڕێگەی پشتگیریی دارایی تۆڕی هەواڵنێریی زمان فارسی خۆی – ئێران ئینتەرناشناڵ، پەرە بە ئاژاوەگێڕی و نائارامییەکانی نێو ئێران ئەدات.

ئەمانە مەترسییەکانی هێزەکانی دژە شۆڕشن کە هەر لە ئێستاوە هەڵپەی زامنکردنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابورییەکانیان لە ئایندەی گۆڕانکارییەکانی ئێراندا ئەکەن، و لە غیابی سیاسییانەی چینی کرێکار و سۆسیالیستەکاندا زیاتر ئەتروکێن.

ئەم تۆمەتبارکردنانەی نارەزایەتییەکان، قەتیسمانەوەی بزووتنەوەکە تەنها لەنێو گەنجان، هاوشان لەگەڵ سەرتاسەری نەبوونەوەی هاوئاهەنگانەوەی خۆپیشاندانەکان، و ڕانەگەیاندنی بەرنامەی ڕۆشنی بزووتنەوەکە کە چینی کرێکار لە دەوری داخوازی و داواکارییە دەستبەجێ و سەرەکییەکان، و شێوازەکانی خەبات یەکگرتوو بکات، دەرفەتی خێرا سەرکوتکردنیان لە لایەن ڕژێمەوە زۆرتر ئەکەن. لە ئەزموونی نارەزایەتییەکانی پێشتر کە لە ساڵانی ڕابردوودا ڕوویان داوە ئەمەمان چاو لێیە. گەنجان بە شۆڕشەوق، و بە گوڕوتینەوە لە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ڕژێم ئامادەییان هەیە، بەڵام شۆڕنەبوونەوەی بەرفراوانی بزووتنەوەکە بۆ نێو ڕیزەکانی چینی کرێکارو چینە هەژارەکان لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکتردا ڕائەگرێ، و دەرگیری ماندووبوون، و بەوپێیەش بێهوایی و ساردبوونەوە و دامرکاندنەوەی ئەکات. کەلێنی نێوان گەنجانی شۆڕشگێڕ و جەماوەری کرێکارو توێژە هەژارەکان ئەبێت بە بەرنامەیەکی ڕوون و شۆڕشگێڕانە پڕ بکرێتەوە، و داخوازییە کۆنکرێتییە ئابوورییەکان بە داخوازییە دیموکراتیکییەکان و بانگەوازی ڕووخاندنی ڕژێمی ئیسلامییەوە گرێ بدرێن.

**بۆپێشەوە: ئەم ڕاپەڕین و خرۆشانە جەماوەرییەی ئێران، چ کاریگەرییەکی لەسەر وڵاتانی دەوروبەر و بزوتنەوە سیاسیەکان دەبێت؟**

**کامەران ئەحمەد:** یەک ڕژێمی بۆرژوازی سەقامگیر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونی نییە، هەر هەموویان لەسەر کۆڵەکەی سەرکوت و تۆقاندن پایەکانی نایەکسانی ئابووری و دەسەلاتی بۆرژوازییان ڕاگرتووە. ئێران پێگەیەکی ستراتیژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بە گشتی داگیر کردووە، بۆیە هەر دەرئەنجامێکی شۆڕشگێڕانە لە شۆڕشی ئێران ئەبێتە هۆکاری دروستبوونی شەپۆلێک لە ڕاپەڕین و خرۆشان لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. وردە وردە ئەو بزووتنەوەو هێزە سیاسییانەی کە بەناوکی جمهوری ئیسلامییەوە گرێدراون، و بە پشتگیریی دارایی ئەو ساڵانێکە ناوچەکەیان کردووەتە دۆزەخ، و نوقمی گێژاوی سیاسی، ئاژاوە، تیرۆر و شەڕ کردووە، توشی پەرتەوازەیی، لەبەریەکهەڵوەشان، کەرناکەوتن و سەرئەنجام لەناوچوون ئەبنەوە. کاریگەرییەکانی ئەم ڕاپەڕینە هەر بە ئێرانەوە ناگیرسێتەوە و پەل ئەهاوێ بۆ لەقکردنی دەسەڵاتی ڕژێمە تۆتالیتارییەکانی ناوچەکە، و دەروازەیەک بۆ مافی دیموکراتییانەی خەڵک لە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت ئەکاتەوە.

**بۆپێشەوە: بە چ جۆریک دەبێت خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکە پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیووی ئێران بکەن؟**

**کامەران ئەحمەد:** بۆ زۆرینەی ڕەهای خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆر بارودۆخ هەن کە هاوکاری و هاوپشتی لەگەڵ ئەوانی تر ئەبنە شتێکی دانەبڕاو لە گرنگیی و بنەڕەتیی خەبات و تێکۆشان. دەسەڵات تادێت لە دەستی مشتیکی زۆر بچووکی لە خەڵکانی دەوڵەمەند کە بە تۆڕێک لە بەرژەوەندی سەرمایەو پاراستنی کۆمپانیا و بزنسەکانیان لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا بەستراونەتەوە، چڕ ئەبێتەوە، حکومەتەکان بە دەیان ڕایەڵەی سیاسی، ئابوری، ئەمنی، عەسکەریی، سیخوڕیی...هتد کلکیان پێکەوە گرێداوە.

بۆ خەڵکانێکی ئاسایی وەک ئێمە ناتوانین بە شێوەیەکی کاریگەر بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆمان بکەین گەر هاوپشتی لە هاوچینەکانمان نەکەین. نموونەیەکی زۆر ئاشکرای بەهای سەنگبوون یەکێتی و هاوپشتی خەڵک بۆ یەکتر لە بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیانە لە ناوەندەکانی کار و پێکهێنانی یەکێتی کرێکاریی و ڕێکخراوە کرێکارییەکان. هەربۆیە ئەم بیرۆکەیە بۆ ئاستی ناوچەیی و جیهانیش لە پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی چینی کرێکارو هەژارانی ناوچەکە گرنگی خۆی هەیە.

**کاریگەرییەکانی ئەم ڕاپەڕینە هەر بە ئێرانەوە ناگیرسێتەوە و پەل ئەهاوێ بۆ لەقکردنی دەسەڵاتی ڕژێمە تۆتالیتارییەکانی ناوچەکە، و دەروازەیەك بۆ مافی دیموکراتییانەی خەڵك لە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت ئەکاتەوە...**

ئەحمەدی نەژاد و ڕوحانی و ڕەئیسی دۆستەکانی قوباد و مەسرور و سودانین، کە هەریەکەیان بە شانازییەوە باس لە هەڵکشانی قەبارەی بازرگانییکردنەکانیانی نێوانیان ئەکەن، لە کاتێکدا کە جەماوەری خەڵک لەوپەڕی بارودۆخی ئابووری سەخت، بێکاری و هەژاری و برسیەتیدا ژیان ئەکەن. ناکرێت لە بەرامبەر کوشتنی دەست ئەنقەستانەی خەڵک، و بێمافییەکانیان بێدەنگی هەڵبژێرین. هاوپشتی لە بزووتنەوەو ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران ئەرکێکی دەستبەجێیەولەسەر بنەمای بەرژوەندییە هاوبەشەکانمان برەوی پێئەدەین. هەڵبەت هاوسەنگی و ئاستی هۆشیاریی سەبارەت بە گرنگی هاوپشتی چینایەتی بڕیار لەسەر فۆرمەکانی هاوپشتی لەهەر جێیەک ئەدەن.

بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە بریاری جمهوری ئیسلامی سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی "پۆلیسی مۆراڵ"، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان دەکاتە لابردنی حجابی زۆرە ملێ؟

کامەران ئەحمەد: داواکاری گشتی ئێران، محەمەد جەعفەر مونتەزری شەوی شەممە لە کۆنفرانسێکدا لە قوم ڕایگەیاند کە: 'پۆلیسی ئەخلاقی' ئێران "هیچ پەیوەندییەکیان بە وەزارەتی دادەوە نییە" و "لەلایەن ئەو کەسانەی کە دروستکراون، ئەبێت دابخرێن". هەر بەدوایدا ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆککۆماری ئێران لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنیدا ڕایگەیاند، بناغەی کۆماری و ئیسلامیەکانی ئێران لە ڕووی دەستوورییەوە چەسپاون "بەڵام شێوازگەلێک هەن بۆ جێبەجێکردنی دەستوور کە ئەتوانرێت نەرم و نیانتر بن"

ماوەیەکە ژمارەیەکیان (وەک دەرخەری ناکۆکییەکانی نێو خێزانی بۆرژوازیی دەسەڵاتدار) ڕایانگەیاندووە کە "هەڵەیەکی ستراتیژییان کردووە، و ناکرێت بە بەکارهێنانی ڕێکاری ئەمنی و پۆلیسی مامەڵە لەگەڵ پرسە ئایینی و کولتوورییەکان بکرێت " هەروەها هەندێک لە سیاسەتمەدارە کۆنەپەرستەکانیان ڕەخنەیان لە کردەوەکانی پۆلیسی ئەخلاق گرتووە، گوایە ئەوەی وەک خۆیان ئەیلێن" ژنانیان لە ئایین دوورخستۆتەوە".

هاتنەپێشەوەکانی ڕژێم لەهەر ئاستێکی نارەزایەتییەکاندا پەیوەندی بە ئامانجی دامرکانەوەی بێزاری و ڕق و تورەیی خەڵکەوە لە لایەن ڕژێمەوە هەیە، نەک دەستەبەکردنی مافەکان ژنان، یان ماف و ئازادییەکانی تر. هەرجۆرە ماکیاجکردنێکی دەسەڵات ناتوانێت ڕێ لە بێزاری خەڵک لە دەسەلاتی مەلاکان بگرێت، دواتر ڕەئیسی بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە کە بناغەکۆماری و ئیسلامیەکانی ئێران لە ڕووی دەستوورییەوە چەسپاون!

هەر لە هەفتەی یەکەمدا پێیان وابوو بە بەڵێنی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی کوشتنی مەهسا ئەتوانن نارەزایەتییەکان لە جێگای خۆیدا ڕابگرن، بەڵام بزووتنەوەکە بەردەوامی بەخۆی داو، دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش ئەوەندەی تر تورەیی خەڵکی زیاترکرد.

ناکرێت متمانە بە هیچ یەکێک لە بەڵێن و دامەزراوەکانی دەوڵەت بکرێت. ئەوان سیستمێکیان بنیاد ناوە کە لەسەر بنەمای ئسولگەرایی ئیسلامیی، ژنکوژی، و ئایدیۆلۆژیای کۆنەپەرستانە پارێزگاری لە مانەوە و بەرژەوەندی چینی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکان ئەکات. بۆ کۆتاییهێنانی یەکجاری بە فۆرمی توندوتیژی دەوڵەتیی دژی ژنان و زەوتکردنی مافەکانیان، ئەبێت تەواوی سیستەمی ستەمکاری ژنان، کاری بەکرێ، و خاوەندارێتی تایبەتیی تێکەوەپێچرێت، ژنان تەنها کێشەی جلوبەرگیان نییە، بەڵکو ئەبێت مافی یەکسانیان لە هەموو کایەکانی ژیان، دادوەریی، میرات...هتد هەبێت، و لە ئازادی بە مانای فراوانی وشەکە بەهرەمەند بن، کە ئەمەش تەنها یەک وەڵام هەڵئەگرێت کە تێکپێچانەوەو فڕێدانی ڕژێمی ئیسلامییە بۆ زبڵدانی مێژوو.

❊❊❊❊❊

## درێژەی دوا وتە...

و خاوەن بریار مامەڵە دەکات و ئامادەنییە پێگەی یەکێتی بە پێوانەی سەردەمی مام جەلال بە رەسمی بناسێت. لەبەرامبەردا یەکێتی نیشتیمانی نایەوێت مل بەو واقعیەتە بدات کە داسەپاوە. لەوەش زیاتر یەکێتی لە زۆنێکدا خاوەنی دەسەڵاتە، کە چەندین هێزی تر و حزبی تری لە بەرامبەردایەو لە هێز و جەماوەری یەکێتی بۆخۆیان دەبەن و کێرڤی یەکێتی لە زۆنی یەکێتی خۆیدا هێناوەتە خوارەوە، ئەمەش لە دۆخ و ژینگەیەکدا کە نارەزایەتی جەماوەریش لە ئاستی هەرە بەرزو زۆرجار توندکەیدا ئامادەیی هەیە.

ئەوەی کەوای کردووە پارتی هەژمونی لە حکومەتدا زۆرتر بێت، رەنگدانەوەی پێگەی حزبی و چەکداری و ئەمنی و دەسەڵاتە زۆرترەکەیەتی بەسەر جغرافیای هەرێمدا و لەبەرامبەردا یەکیتی قەڵەمرەویی جغرافیایی کەمتر و لاوازترە، بۆیە لە حکومەتیشدا پێگەی لاوازترە... دیارە حکومەت لە دنیای واقعیدا، لەچاو حزب و قەڵەمرەوی حزبیدا جێگاو ڕێگایەکی نییە، تەنها دیکۆرێکە بە فریودانی رای گشتی و ناوخۆ و دنیای دەرەوە... ئەوەی حکومەت دەجوڵێنی و ئاراستەی دەکات حزبە، ئەوەی بریار دەدات حزبە... لەدۆخی سیاسی کوردستاندا، بە پێچەوانەی هەموو دنیاوە، حکومەت گوێگری حزبە، لە کاتێکدا لەتەواوی دنیادا، توانا و دەسەڵاتی حکومەت باڵادەستر لە ئەحزابی سیاسییە و حزبە سیاسیەکان ناچارن ملکەچی حکومەت و دەسەڵات و بڕیارەکانی بن. لە هەرێمی کوردستاندا ئەو هاوکێشەیە لینگەو قوچە ئەحزابی سیاسی پابەند بە بریاری حکومەت نین و حزب باڵادەستی بەسەر حکومەت و کابینەکانیدا هەیە. حزب لەهەموو گۆشەیەکی کۆمەڵگەدا ئامادەیی هەیە، لە حاڵێکدا حکومەت لەبەرامبەر حزبدا لە هیچ جێگایەک بوونی نییە...حزب هەمیشە دەتوانێت حکومەت پەک بخات. ئەوە حزبە هێزی چەکدار و ئەمنی و هەواڵگری و میدیای هەزار سەری هەیە و حکومەتیش هیچیان و لەجیاتی ئەوەی حکومەت حزب بپارێزێت، حزب و هێزی چەکداری حزبە پارێزگاری لە حکومەتی حزبۆکراتیان دەکات. لە دۆخێکی ئاوادا، رەخنەگرتن لەوەی حکومەتی هاوبەش نییە، جیاکاری لە ناوچەکاندا هەیە، رەخنەیەکی بێ جێگا نادروستە لە واقعیەتی هەریمی کوردستاندا.

حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا بۆئەوەی کێبەرکی لەگەڵ یەکتری بکەن، چونکە پرۆژەی سیاسییان نییە، و ململانێیان لەسەر پرسەکانی خەڵک و ئاییندی سیاسی کوردستان و مافە فەردی و مەدەنی و خزمەتگوازارییەکان، نییە، ناچارن هێزی چەکداری زۆر، هێزی ئەمنی بەرین و جغرافیای زۆرتر و پشتیوانی دەرەکی بەهێزتریان هەبێت... پارتی و یەکێتی حزب نین بۆ حکومەتداری، بەڵکو خاوەنی ئەزمونێکی بێ کۆتان لە دژی حکومەتداری بەشێوازی حزبی و میلیشیایی و بەپشت بەستن هێز و نۆکەر پیشەیی...

لەناو دۆخێکی ئاوادا، کاردانەوەکانی یەکێتی، ناتوانێت گوشار لە پارتی بکات... هێزێک کە خۆی خاوەنی دەسەڵاتی زۆنێک بێت و بەرپرسیاریەتی دانیشتوانی ئەو زۆنەی لە ئەستۆ بێت، ناتوانێت ببێت بە ئۆپۆزیسیۆنی زۆنێکی تر و حکومەتێکی حزبی... هاوکات یەکێتی بە بایکۆت و نیوە بایکۆت و راگرتنی دەوام... ناتوانێت پارتی رابگرێت و لە جغرافیای خۆیشدا بە نەگۆڕی بمێنێتەوە. ئەو ڕێگایانەی یەکێتی بەرامبەر بە پارتی گرتونیەتە بەر لەوانە بایکۆتی دەوام، بەشداری نەکردنی لە چالاکی و بۆنە حکومیەکان!! هەرەشەی کشانەوە لە حکومەت و پاشەکشەی فراکسیۆنەکەیان لە پەرلەمان... ناتوانن هیچ بگۆڕن و گوشارێکی بەرجەستە دروست بکەن... لەوانەیە ئەم هەنگاوانە سەریەشە، ئازارێکی کەم بە پارتی بگەیەنن، بەڵام هیچ جێگایەکی زامدار و بریندار ناکەن و شوێنک لە جەستەی پارتی ناکوتن... بەتایبەتیش ئەگەر ئەو واقعیەتە لەبەرچاو بگرین، کە گوشاری نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر پارتی و یەکێتی بە جێگایەک گەیشتووە، کە ئەگەر زۆر پێی لێ درێژ بکەن و بژاردەی یەککگرتن و یەکریزی و تیکەڵکردنی هێزە چەکدارەکانیان... بخەنە لاوە، هێندەی تر کەنار دەکەون و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریش وەکو کابوسێک قورسایی لەسەریان زیاد دەکات. پارتی و یەکێتی لەبەرامبەر بە بەغدا و لە ئاستی ناوچەکەشدا، لە دۆخێکی روو لەداکشاندان و پێگەیان زۆر لەوە لاوازترە، بتوانن بەتەواوەتی پشت بکەنە یەکتری و ئەو نیعمەتە لەدەست خۆیان بدەن، کە زیاتر لە ۳۰ ساڵە، لێی دەخۆن و بنەماڵەکانیانی پێ قەڵەو دەکەن... هەموو ئەو کاردانەوانەی یەکێتی لە پارتی کارتی گوشارن بۆ نەرمی نواندنی پارتی، و هەموو ئەو کەللەرەقی و توندی و بێ منەتیەی پارتیش، بۆ خاوکردنەوەی پلە پلەی یەکێتییە بۆ رازیکردنیان بە قبوڵکردنی واقعیەتی سیاسی ئێستای هەرێم، لە دەسەڵات و لە حکومەتدا.

گرتنە بەری سیاسەتی نیوە بایکۆت و بایکۆت، رێگایەکی گونجاو نییە، یەکێتی بە خستنە رووی ئەلگۆیەکی تری دەسەڵاتداریێتی کە لانی کەمی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان و زۆنەکەی خۆی بەهەند وەرگرێت کاریگەری زۆر لە بایکۆت و نیوە بایکۆت زیاتر دەبێت... بەڵام ئەو رەفتار و مامەڵەیەی یەکێتی لە زۆنەکەی خۆی پیادەی دەکات، ئەو شانسەی لە یەکێتی سەندۆتەوە، رێگا لەرەوتی روو لە داکشانی رۆژ لە رۆژ زیاتری بگرێت.

**ناوەراستی دیسەمبەری ٢٠٢٢**

## درێژەی...دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕی بنار مستەفا ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان...

کۆمەڵێک کۆسپ یان دەستنەبردن بۆ هەندیک کاری پێویست لە بەردەمدایە. پێدەچێت گرتنەدەستی دەسەڵات و ئیدارەکردنی لەلایەن خودی خەڵکیەوە دیدگایەکی سەرەکی نەبێت. تەنانەت لە هەندێک ناوچە، کە جمهوری ئیسلامی دەسەڵاتی نەدەما، دەست بۆ دەسەڵاتی جەماوەری نەدەبرا. نەبوونی ئەم ئامانجە ڕاستەوخۆیە دەکرێت وەک کۆسپێک ببینرێت، چونکە ڕەنگە پاش نەمانی جمهوری ئیسلامی هەر هێزێکی تری بۆرژوازی دەسەڵات بگرێتە دەست و نایەکسانی و چەساندنەوە ئیدامەی بێت. هەروەها دەست بۆ ئەو جومگە سەرەکیانەی دەسەڵاتی پێ دەچەرخێت. جەماوەری ڕاپەڕیو دەتوانن بە کردەوە فەرمانگە و بنکە گشتیەکان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و ڕێگای خوارەوە لە جمهوری ئیسلامی قەتیستر بکەن. هەروەها ئەگەر چی بەشێکی بەرچاو لە کرێکاران بە ڕیزی شۆڕشگێڕانەوە پەیوەست بوون، بەڵام هێشتا ماویەتی تا ئەم خرۆشانە بە سەرکەوتن بگات. پێش هەموویان کرێکارانی کەرتی نەوت و بەشە پیشەسازییەکانی تر.

دیارە جمهوری ئیسلامی و نەیارانی شۆڕش هەمیشە کۆسپی جۆراوجۆر دەخەنە بەردەم جەماوەری شۆڕشگێڕەوە، گرنگە ئامادەیی هەبێت بۆ وەڵامی شایستە و ڕێگەنەگرتن لە بەردەم ئاسۆی خەڵکیدا.

**بۆپێشەوە جمهوری ئیسلامی بریاری هەڵوەشاندنەوەی**

> **خەڵکی لە پێناو گۆڕینی چەند یاسایەك، چەندە بنەڕەتیش بێت، نەهاتوونەتە مەیدان، بەڵکو بۆ کۆتاییهێنان بە جمهوری ئیسلامی سێ مانگە لە بەرانبەر دەسەڵاتدا قەراریان گرتووە. بۆیە هەڵوەشاندنەوەی پۆلیسی مۆڕاڵی خەڵکی سارد ناکاتەوە، بەڵکو باوەڕبەخۆبوونیان زیاتر دەکات، کە دەتوانن دەستکەوتی زۆر گەورە و بە مانا بەدەست بهێنن...**

**"پۆلیسی مۆڕاڵ"ی، ڕاگەیاند... هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی پۆلیسی مۆڕاڵ چییە؟ ئایا ئەوە بەمانای کۆتاییهێنان بە حجابی زۆرە ملێ دێت؟**

**بنار مستەفا:** کاتێک سەرکوت دادی نەدا و خرۆشانی شۆڕشگێڕانەی خەڵکییش بە هێزی فراوانی خۆیەوە بەردەوام بوو، جمهوری ئیسلامی ناچار بوو سازش بکات. پۆلیسی مۆڕاڵی (ئەخلاقی) هەڵوەشاندەوە، تا لە لایەک نیشانی بدات گوێ بیستی جەماوەری ناڕازییە و لە لایەکی تریشەوە هەوڵێکە بۆ قەتیسکردنەوەی خواستی ڕوخانی جمهوری ئیسلامی لە بابەتێکی وەک پۆلیسی مۆڕاڵیدا. نەمانی پۆلیسی مۆڕاڵ، واتە نەمانی ئەو کەسانەی چاودێری حیجابی ژنان دەکەن لە شوێنە گشتییەکان. ئەگەرچی ڕاستەوخۆ ڕانەگەیندراوە، بەڵام ئەمە بە مانای نەمانی حیجابی زۆرە ملێ دێت. هەرچەندە پێش ئەوەی دەسەڵات هەڵوەشاندنەوەی ڕاگەیەنێت، ژنان بە کردەوە ئەو یاسایانەیان خستە ژێر پێیان و پۆلیسی مۆڕاڵیان بێ ئیرادە کرد. ڕاگەیاندنی لە لایەن دەسەڵاتەوە، بە مانای پاشەکشەیەکی بەرچاو دێت. یاسایەک، کە چل ساڵە تەمەنی کردووە و سمبوڵی جمهوری ئیسلامی بووە، جەماوەری شۆڕشگێڕ بە کردەوە پووچیان کردەوە و دەسەڵاتیش بە ناچاری پەسەندی کرد.

ئەگەرچی ئەم بڕیارە و سازشی دەسەڵات دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ جەماوەری شۆڕشگێڕ، بەڵام کافی نییە. خەڵکی لە پێناو گۆڕینی چەند یاسایەک، چەندە بنەڕەتیش بێت، نەهاتوونەتە مەیدان، بەڵکو بۆ کۆتاییهێنان بە جمهوری ئیسلامی سێ مانگە لە بەرانبەر دەسەڵاتدا قەراریان گرتووە. بۆیە هەڵوەشاندنەوەی پۆلیسی مۆڕاڵی خەڵکی سارد ناکاتەوە، بەڵکو باوەڕبەخۆبوونیان زیاتر دەکات، کە دەتوانن دەستکەوتی زۆر گەورە و بە مانا بەدەست بهێنن. هەڵوەشاندنەوەی پۆلیسی مۆڕاڵی، دەستکەوت و هەنگاوێکی گرنگە لە ئاڕاستەی شۆڕشێکی سەرکەوتوودا.

بۆپێشەوە
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
FORWARD

Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

ڕێبوار عارف، بەهار عەلی، ئارام حەسەن، عەبدوڵا مەحمود، چیا ئەسعەد، حەکیم میرزا، هیوا ساڵح، کاوان قادر، ڤیان سلێمان، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، بەناز کاوێس ئاغا، ئاراس رەشید،دلێر محەمەد نوری، حەکیم میرزا،جەمال نوری،عبدالرحمن رەسول...

**لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان و ئایندەکەی"...**

## حەیفێکم، دوێنی فریای نوێژی جومعە نەکەوتم!!



- "حەیفێکم، دوێنێ فریای نوێژی جومعە نەکەوتم"

- "قەینا خوا کەریمە، ئەلموهیم نوێژەکەت کردبێ"

- "نوێژەکە موهیم نیە ئەکرێتەوە... خەفەت لە خوطبەی مەلا عەینەدین ئەخۆم.. لە کیسم چوو، نازانم باسی چی کردوە؟"

- "باسی پێشانگەی کتێبی کرد"

- "پێشانگەی چی، کام پێشانگە؟"

- "ئەمەی سلێمانی"

- "چی فەرموو؟"

- " ئەوەی لەبیرم مابێ، فەرمووی: (حەمدوسەنا بۆ خوای موتەعال، لەو پێشانگایە.. کتێبە دینییەکان ئەوەنە فرۆشیان زۆر بوو، مولیحیدەکان واقیان وڕماوە"

- "ئەی چی تری فەرموو؟"

- "لە دواییشا فەرمووی: (ئەی ئیمانداران... کوفرە پارەبەن بە کوڕ و کچەکانتان، ئەوانیش بچن بییەن بە کتێبی مارکس و لینین)"

- ماشەڵڵا ماشەڵڵا.. ئەوەیە دین.. عیلاقەی بە ورد و درشتی ئەم دنیایەوە هەیە"

نووسینی: ئارام حەسەن

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح




## خوێنەرانی ئازیزی بۆپێشەوە...


**بە ئاگادارێتان دەگەیەنین، کە بەهۆی پشووەکانی سەری ساڵەوە، بۆپێشەوە لە1-1-2023 دەرناچێت و ژمارەی داهاتوو دەکەوێتە... بەرواری 15-1-2023**

**دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو بەرواری 13-1-2022 ،بەڵام سایتی بۆپێشەوە بەردەوام دەبێت...**

## دوا وتە

# یەکێتی و بایکۆت و نیوە بایکۆت

### عەبدوڵا مەحمود



دوای قوڵبونەوەی رۆژ لەرۆژ زیاتری ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی، لەسەر دەسەڵات و پێگەی زۆرتر... لە حکومەتی هەرێمی!! کوردستاندا، قوباد تاڵەبانی بەوێنەی جێگری سەرۆکی حکومەت، وەکو نارەزایەتی بە پارتی و دەسەڵاتەکانی، بایکۆتی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد. سەرۆکی یەکێتیش پەیتا پەیتا نارەزایەتی لە دەسەڵاتی پارتی رادەگەیەنێت و حکومەت تۆمەتبار دەکات بەوەی کە تاکرەوانە کار دەکات و جیاوازی لەنیوان ناوچەکان دەکات، و سلێمانی پەراوێز خستووە... لەوەش زیاتر دۆخی نەخوازراو و پر کێشەی زۆنی سەوزی خستۆتە ئەستۆی پارتی و باڵادەستی ئەوان بەسەر حکومەت و بریارەکانیدا.

ململانێی یەکێتی و پارتی تازە نییەو کۆنیش نابێت... تازە نییە بە مانایەی لەوەتەی گۆرەپانی کوردستانیان پاوان کردووەو بۆ درێژەدان بەدەسەڵات و تاڵانی داهاتی خەلکی کوردستانیان، پشتیان بە هیزی چەکدار و ئەمنی حزبی و هاوکات خۆشیان هاویشتۆتە باوەشی یەکیک لە وڵاتانی ناوچەکەوە، کێشمەکێشیان بۆ دەسەڵاتی زۆرتر بۆتە تایبەتمەندیەکی جێکەوتووی کۆمەڵگەی کوردستان و لەهەموو ئاستێکدا خۆی نمایش کردووە. کۆنیش نابێت چونکە هەموو روداوە ئاڵوگۆرەکان لە ناوچەکەو عێراقدا، کاریگەری راستەخۆی دەکاتە سەر پێگەو قەڵەمرەوی دەسەڵاتیان و ململانێکانیان نوێ دەکاتەوە بە نوێی رایدەگرێت.

پارتی هەژموونی خۆی زاڵکردووە و هەرچی جومگە هەستیار و گرنگەکانی کۆمەڵگەن چ لەسەر ئاستی حزبی و چ لەسەر ئاستی حکومی لەدەستی خۆیدا پاوانی کردوون یان هەژموونی زۆرتری بەسەریاندا هەیە... یەکێتی نیشتیمانی نیگەرانی ئەم هەیمەنەی پارتییە لەسەر ئاستی عیراق و کوردستان و ناوچەکەدا و دەیەوێت بە فەرمی هاوبەش بێت و لە قەڵەمرەوی سیاسیدا لەگەڵ پارتی بەرابەر بێت... پارتی بە کردەوە نیشانی داوە وەکو حزبی یەکەم

بۆ لاپەڕە 15